# Characteristics of Advancement and its Reflection on Advancement Signs in Kalar City

Bnar Hassan Muhammed[1], Kameran Taher Saed[2]

[1]University Of Garmian-College of Education-Department of Geography, [2]University of Koya-Faculty of Education-Department of Geography

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.35*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*The research is an attempt to present the characteristics of prosperity in kalar, which is expanding rapidly annually, in terms of increasing the area of prosperity, increasing the population, according to the morphological stages of the city. This study attempts to analyze the data and information through the quantitative analysis method using the geographical information system (gis). The main objective of this study is to present the development of prosperity in the study area from the village phase until 2022, with the progress at the neighborhood level of kalar and determine the plan, shape and direction of prosperity in the area after the implementation of all the steps of the study, the area of prosperity in kalar during the four phases, 781.6 hectares increased, from four neighborhoods to 33 neighborhoods, the number of buildings was 36188 residential buildings, the number of families was 33308 families.*

***Keyword***: *Prosperity, Prosperity Area, Prosperity Growth, Indicator*

# تایبەتمەندیی ئاوەدانی و ڕەنگدانەوەی لە سەر نیشاندەرە ئاوەدانیەکان لە شاری کەلار

بنار حسن محمد
بەشی جوگرافیا، سلێمان, کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان
Bnar.hasan@garmian.edu.krd
پ.د.کامران طاهر سعید
فاکەڵتی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە، بەشی جوگرافیا
Kameran.taher@koyauniversity.org

**پوختە**

لێکۆڵینەوەکە هەوڵێکە بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی ئاوەدانی لە شاری کەلاردا بخاتەڕوو، کە ساڵانە بە شێوەیەکی خێرا فراوان دەبێت، لە ڕووی زیادبوونی ڕووبەری ئاوەدانی، زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان، بەپێی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکانی شارەکە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە ڕێگەی میتۆدی وەسفی شیکارییەوە داتا و زانیاریەکان بە سوودوەرگرتن لە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان GIS شیکاریان بۆ بکرێت. ئامانجمان لەم توێژینەوەیەدا، خستنەڕووی گەشەی ئاوەدانیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە (قۆناغی پێش ١٩٧٠ تاوەکو ساڵی (٢٠٢٢)، لەگەڵ پێشکەوتنەکان لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری کەلار و دیاریکردنی پلان و شێوە و ئاڕاستەی ئاوەدانی لە ناوچەکەدا، هەروەها جێبەجێکردنی نیشاندەرە ئاوەدانیەکان بە سەر شاری کەلاردا، لە پاش جێبەجێکردنی تەواوی هەنگاوەکانی توێژینەوەکە، دەرکەوتوە، ڕووبەری ئاوەدانی لە شاری کەلار لە ماوەی هەر چوار قۆناغەکەدا، ٧٨١،٦ هێکتار زیادیکردوە، لە چوار گەڕەکەوە بووە بە ٣٣ گەڕەک، ژمارەی بینا ٣٦١٨٨ بینای نیشتەجێبون بووە، ژمارەی خێزان ٣٣٣٠٨ خێزان بووە، ژمارەی ئەندامانی خێزان ١٦٤٨١١ کەس بووە لە ساڵی ٢٠٢٢.

**کلیلە وشەکان: ئاوەدانی، ڕووبەری ئاوەدانی، گەشەی ئاوەدانی، نیشاندەر.**

**پێشەکی:**

ژینگەی شارەکان لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، لەگەڵ جیاوازی پەرەسەندنی پێداویستیەکانی ژیان و شارنشینی خێرا، ئەمەش پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان و بەدیهێنانی کاریگەریەکانیان هەیە، بۆ پاراستنی کوالێتی ژیان و ژینگەیەکی تەندروست، بەکارهێنانی زەوی، پێداویستیەکانی گواستنەوە، خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان و سەرخان هەمویان تەواوکەری یەکترن، بەشێوەی ئەرێنی یان نەرێنی لەگەڵ یەکتر کارلێکدەکەن، بەشدار دەبن لە کوالێتی ژینگەی ژیان، ژینگەی ئاوەدانی و گەشەی بەردەوام. لەم توێژینەوەیەدا جەختکراوەتەوە لە سەر چۆنیەتی دیزاینکردنی ژینگەی ئاوەدانی بە شێوەی بەردەوام بە پشتبەستن بە پێوەر و نیشاندەرە ئاوەدانیەکان، وەک بناغەیەک بۆ پەرەپێدانی ئاوەدانی بەردەوام لە شاری کەلاردا، ئەمەش دڵنیایی دەدات بۆ نیشتەجێبوونی گونجاو و خزمەتگوزاریە بەردەوامەکانی شار، توێژینەوەکە گەیشتوە بەوەی، کە شاری کەلار بەپێی تایبەیمەندیەکانی ڕووبەری ئاوەدانی بە شێوەیەکی گونجاو و خێرا زیادیکردوە، لەگەڵ ئەو هەموو ئەزمە سیاسی و ئابوریەی لە ناوچەکەدا هەبووە.

**کێشەی توێژینەوە:**

١- ئاڕاستەی فراوانبوونی ئاوەدانی بۆ شاری کەلار بە چ ئاڕاستەیەکە، ئایا فراوانبوونی ئاوەدانی و ئاڕاستەکەی لەگەڵ نیشاندەرەکانی ئاوەدانی گونجاوە، یان پێویستی بە پەرەپێدان هەیە؟

٢- ئایا ڕووبەری ئاوەدانی بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوانەکەی فراوانبووە؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

١- ئاڕاستەی فراوانبوونەکە زیاتر بە باکور و باکوری خۆرئاوایە، باشترین ئاڕاستەش هەرئەوەیە، تاڕادەیەک گونجاوە و پێویستی بە پەرەپێدان هەیە.

٢- ڕووبەری ئاوەدانی لەگەڵ زیاد بوونی دانیشتوانەکەی زیاد بووە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی زیاد بوونی ئاوەدانی لە ناوچەی توێژینەوەکەدا، لەگەڵ دیاریکردنی ئاڕاستە و شێوەکانی ئاوەدانی و دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکانی، تاوەکو زانیاری پێویست بخرێتە بەردەست لایەنە پەیوەندیدارەکان و پلاندانەرەکان، بۆئەوەی بتوانرێت لە ڕێگەی دیاریکردنی نیشاندەرە ئاوەدانیەکان چارەسەرێکی باش و گونجاو بۆ کێشە و گیروگرفتەکان بدۆزرێتەوە و لەم بوارەدا پەرەپێدان بکرێت.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە چەند میتۆدێک بەستراوە، کە لە زانستی جوگرافیادا پەیڕەودەکرێن، وەک بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاری، جگە لە بەکارهێنانی هەندێک پێوەر و نیشاندەری تایبەت بە نیشاندەرە ئاوەدانیەکان لە شاردا، لەگەڵ پشتبەستن بە سەردانی مەیدانی و چاوپێکەوتن.

**سنوری توێژینەوە:**


ا- سنوری شوێنی:

شاری کەلارە شوێنی ئەسترۆنۆمی دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی ("٣٤°٥٨'١٣) ("٣٤°٢٧'٣٢)ی باکوری گۆی زەوی و هێڵەکانی درێژی ("٤٥°١٦'٣٢) ("٤٥°٢١'٥٢)ی ڕۆژهەڵات. بەگشتی ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی (٢٩٣٥.٢) هێکتار و پێکهاتوە لە (٣٣) گەڕەکی نیشتەجێبوون، شاری کەلار دەکەوێتە ئەوپەڕی باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت و دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆرهەڵاتی عێراق. وەک لە نەخشەی (١)دا ڕوونە، لە باکورەوە لەگەڵ گوندی قاسم ئاغا هاوسنورە و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ڕووباری سیروان و لە بەشی ڕۆژئاواوە لەگەڵ ناحیەی ڕزگاری و لە باشوریشەوە لەگەڵ شارەدێی گردەگۆزینە هاوسنورە.

ب- سنوری کاتی  لێکۆڵینەوەکە: بریتییە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢).

ج- سنوری بابەتی لێکۆڵینەوەکە: سنوری بابەتی دەچێتە چوارچێوەی جوگرافیای شارەوە.

**نەخشەی (١) شوێن و پێگەی شاری کەلار بۆ ساڵی ٢٠٢٢**



سەرچاوە/کاری توێژەران بەپشتبەستن بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سەرۆکایەتی شارەوانیەکانی گەرمیان، شارەوانی کەلار، زانیاری (GIs) نەخشەی بنەڕەتی شاری کەلار بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢.

٢- بنار حسن محمد عبدالرحمان، کاریگەریی ڕێگاوبان و جوڵەی گواستنەوەی ناوخۆیی (ئۆتۆمبێل) لە بنیادنانی پیشەیی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەلار، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، بڵاونەکراو، ٢٠١٧.

**پلانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بۆ تایبەتمەندی ئاوەدانی و ڕەنگدانەوەی لە سەر نیشاندەرە ئاوەدانیەکان لە شاری کەلاردا، بەپێی خستنەڕووی نیشاندەرە ئاوەدانیەکان، بەشکراوە بە سەر سێ تەوەردا، تەوەری یەکەم، گەشەی ئاوەدانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، تەوەری دووەم، ئاڕاستە و شێوەکانی گەشەی ئاوەدانی لە شاری کەلاردا، تەوەری سێیەم، ئاماژەکانی پەرەپێدانی ژینگەی ئاوەدانی لەشاری کەلار.

**تەوەری یەکەم / گەشەی ئاوەدانی لە شاری کەلار**


بیرۆکەی پەرەپێدانی ئاوەدانی بەردەوام، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنفرانسی لوتکەی زەوی، کە لە ساڵی ١٩٩٢دا لە ڕیۆدی جینیرو ئەنجام دراوە، لە ئەجندای ٢١ی بەرایی نێوخۆیی لەبارەی جیهان، هەروەها لە کۆنفرانسی (هابیتات) لە ئەستەنبوڵ لە ١٩٩٦ بەرێوەچوو. لەو کۆنفرانسەدا پێشنیاری ئەوەکرا، هەموو تاکێک مافی ئەوەی هەیە ببێت بە خاوەن ڕووبەرێکی تایبەت بۆ نیشتەجێبوون، لە کۆنفرانسی urban21 لە ساڵی٢٠٠٠، پراکتیزەی باشترین نموونە بۆ بەکارهێنان و جێبەجێکردنی پەرەپێدانی ئاوەدانی بەردەوام لە شارەکانی جیهاندا خرایەڕوو، بۆ جاری چوارەم چەمکی پەرەپێدانی ئاوەدانی لە کۆنفرانسی جوهانسبورغ لە ٢٠٠٢ دا دەرکەوت (GOODWIN,2003,p32)، لە کۆنفرانسی ئاوەدانی پێناسەیەکی نوێ بۆ پەرەپێدانی ئاوەدانی بەردەوام کرا؛ کە بریتییە لە باشترکردنی جۆری ژیان لە شاردا، جگە لەوەی لایەنی ئاوەدانی، ژینگەیی، ڕۆشنبیری، ڕامیاری، دام و دەزگای کۆمەڵایەتی و ئابوری دەگرێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بارگرانییەک بۆ نەوەی داهاتوو دروستبکات، ئەو بارگرانییەش لە ئەنجامی بەفیڕۆدانی دەرامەتە سەرەکیەکانە، خواستی ئێمە بۆ گەیشتن بەو بنەمایانەی کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان دەرامەت و وزە، هەروەها هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی بەرهەمە داراییەکان ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕن، لە هەموو بڕیارەکانی داهاتوو بۆ پەرەپێدانی ناوچە

ئاوەدانکراوەکان)(ريدة ديب، سليمان مهنا ٢٠٠٩،ص٤٩٨-٤٩٩)، لەم تەوەرەدا لێکۆڵینەوە لە گەشەی ئاوەدانی و پێشکەوتنی ڕووبەری ئاوەدانی لە شاری کەلاردا دەکەین لە ماوەی نێوان قۆناغی پێش ١٩٧٠ تاوەکو ٢٠٢٢. پێشکەوتنی ڕووبەری ئاوەدانی لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە، لەگەڵ چەندێتی زیابوونی ئاوەدانی بەپێی گەڕەکەکان لە شاردا، بە مەبەستی دیاریکردنی ئاستی گونجاوی بۆ پەرەپێدانی بەردەوام، بۆ هەردوو ژینگەی ئاوەدانی و نیشتەجێبوون لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی (٢٠٢٢).

**١. گەشەی ئاوەدانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی نێوان پێش ١٩٧٠ – ٢٠٢٢**

لێکۆڵینەوە لە ڕووبەری ئاوەدانی شار بەسودە بۆ پەرەسەندن و پێشخستنی دۆخی شار لە ئێستا و لە داهاتووی شارەکەدا، دیاریکردنی قەبارەی زیادبوونی ئاوەدانی شار لە هەر قۆناغێکدا، دەبێتە هۆی دیاریکردنی ناوچەکانی ڕاکێشان و پاڵنانی ئاوەدانی لە شاردا، دەتوانین لە ڕێگەیەوە گرنگترین ئەو هۆکارانە ڕوونبکەینەوە، کە یارمەتیدەرن بۆ فراوانبوونی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئاوەدانکراوەکان، لەوانە گرنگترینیان، دۆخی ئابوری دانیشتوان و بەکارهێنانی زەوییە، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی خزمەتگوزاریەکانی تێدا چڕبووەتەوە لەگەڵ بەکارهێنانەکانی بازرگانی، پیشەسازی، سروشتی پێگەی شار، شوێنەکەی بەگوێرەی تۆڕی ڕێگاوبان، گەیاندن و نرخی زەوی ئەمانە بە گرنگترین هۆکار دادەنرێن، کە کار لە سەر گۆڕانی گەشەی ئاوەدانی و ئاسۆی شارەکان دەکەن لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بۆ نموونە: نرخی زەوی بەرزترە لە ڕووبەرە ئاوەدانکراوەکان و تەنیشت ناوچە کشتوکاڵیەکان، کە نزیکن لە ناوەندەکانی نیشتەجێبوون، وەک لەڕووبەرە سەر پەرەکانی تر(أميرة رجب محمد حسن ٢٠٢٠،ص٧٣)، لە خشتەی(١) نەخشەی (٢)، پێشکەوتنی ڕووبەری ئاوەدانی لە شاری کەلار ڕوون دەبێتەوە لە ماوەی نێوان قۆناغی پێش١٩٧٠ بۆ ٢٠٢٢، بە گوێرەی خشتەکە، ڕووبەری ئاوەدانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (٧٧) جار زیادیکردوە لە ساڵی (٢٠٢٢)، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (١٥٣٦.٢) هێکتار و کۆی ڕووبەری گشتی شارەکە دەگاتە (٢٩٣٥،٢) هێکتار، بەراورد بە قۆناغی یەکەمی مۆرفۆلۆجی، واتا (١٥١٦.٤) هێکتار زیادیکردوە.

**نەخشەی (٢) پێشکەوتنی ڕووبەری ئاوەدانی و زیادبوونی لە شاری کەلار لە قۆناغی دێ – ٢٠٢٢**




سەرچاوە؛ کاری تویژەران بە پشتبەستن بە وێنەی ئاسمانی لاندسات بۆ، ١٩٧٠، ١٩٨٧، ٢٠٠٦، ٢٠٢٢.

**خشتەی (١) پێشکەوتنی ڕووبەری ئاوەدانی و زیادبوونی لە شاری کەلار لە قۆناغی پێش ١٩٧٠ بۆ ٢٠٢٢**

| گەشەی شار | ماوە | ڕووبەری ئاوەدانی/هێکتار | ڕێژەی گۆڕانکاری٪ | زیادبوونی ئاوەدانی/هێکتار | تێکڕای زیادبونی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| **قۆناغی یەکەم/پێش ١٩٧٠** | - | ١٩,٨ | - | - | - |
| **قۆناغی دووەم/ ١٩٧٠-١٩٨٧** | ١٧ | ٤٢٧,٩ | ٢.٠٦ | ٤٠٨,١ | ٢٢,٦٧ |
| **قۆناغی سێیەم/١٩٨٨-٢٠٠٦** | ١٩ | ٧٥٤,٦ | ٧٦,٤٠ | ٣٢٦,٧ | ١٨,١٥ |
| **قۆناغی چوارەم/٢٠٠٧-٢٠٢٢** | ١٦ | ١٥٣٦,٢ | ١٠٣,٥٧ | ٧٨١,٦ | ٤٨,٨٥ |
| **کۆی گشتی** | ٥٢ | | | | |

سەرچاوە/ کاری تویژەران بە پشتبەستن بە نەخشەی (٢).

ڕێژەی گۆڕانکاری (١٠٣,٥٧٪) بووە، زیاد بوونی ئاوەدانی دەگاتە (٧٨١,٦) هێکتار، واتا لەم قۆناغەدا، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٧، شاری کەلار گەورەترین درێژبوونەوەی ئاوەدانی بەخۆیەوە بینیوە، واتا قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم، گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، بەراورد بە قۆناغی یەکەم ڕووبەری ئاوەدانی دەگاتە (٤٢٧,٩) هێکتار، ڕێژەی گۆڕانکاری (٢.٦٪)بووە، زیادبوونی ئاوەدانی (٤٠٨,١)، تێکڕای زیادبوونی ساڵانەشی (٢٢.٦٧)یە، بەهۆکاری ئەوەی لە بەرواری ١٩٧٠/٢/٢٨ دا بە مەرسومی کۆماری ژمارە (١٥٩)، قەزای کەلار دروستکرا، شاری کەلار کرا بە ناوەندی قەزاکە، سەر بە پارێزگای کەرکوک بوو. پێش ئەم ماوە ناحیەیەکی بچوک بووە بە ناوی ناحیەی شێروانەوە. دوای بوونی بە ناوەندی قەزا، ئیدی ناوچەکە بوو بە شوێنی ڕاکێشانی خەڵک و نیشتەجێبوون، ئەمەش بە هۆکاری وەزیفی و ئیداری، کە کرانەوە لە ناوچەکەدا. بە وردبونەوە لەم بارودۆخەدا، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لە ناوچەی توێژینەوە بارودۆخی نائاسایی ڕوویداوە، ئەوەش بە هۆکاری سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی ڕژێمی بەعس پەیرەوکراوە، سەرجەم لادێکانی قەزای کەلار و دەوروبەری بە هۆی شەری نێوان عێراق و ئیران (١٩٨٠ - ١٩٨٨)، هۆکاری سەرەکی بووە بۆ کۆچکردنی ئەو گوندنشینانە بۆ سەنتەری شاری کەلار، چونکە تاڕادەیەکی زۆر نزیک بوون لە شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتە، بارودۆخی ناسەقامگیریان بۆ دروست بووبوو، لەگەڵ چۆڵکردنی گوندەکانی دەوروبەری قەزای کەلار و کفری، ڕوخاندنیان و پاشان گواستنەوەی دانیشتوانەکەی بۆ سەنتەری شاری کەلار. هەروەها دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالی سێ لە گەرمیان، لە بەرواری (١٩٨٨/٤/٧)، سەرجەم گوندەکانی گەرمیان خاپورکران، قوربانی زۆری لێکەوتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم گوندەکانی ناحیەکانی (ناوەند، پێباز، تیلەکۆ)ی، سەر بە قەزای کەلار بە تەواوەتی چۆڵکران و گواسترانەوە بۆ شاری کەلار، نزیکەی (١٦٨) گوند دەبوون (گۆڕان شێخ مستەفا،٢٠١٠،ل١٢٠)، هەموو ئەوانە هۆکاربوون بۆ ئەم زیادبوونە زۆرەی ڕووبەری ئاوەدانی لەم قۆناغەدا، پاشان تایبەتمەندی فراوانبوونی ئاوەدانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٨ - ٢٠٠٦)، واتا لە ماوەی زەمەنی (١٩) ساڵدا، ڕووبەری ئاوەدانی بووە بە (٧٥٤,٦) هێکتار، ڕێژەی گۆرانکاری (٧٦,٤٠٪)، زیادبوونی ڕووبەری ئاوەدانیەکەی بووە بە (٣٢٦,٧٪) هێکتار، تێکڕای زیادبوونی ساڵانەی (١٨,١٥) هێکتاربووە، دەبینین لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک گۆرانکاری ڕوویداوە، لەڕووی ڕووبەری ئاوەدانی، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) ڕزگاربوونی بەشێکی زۆری هەرێمی کوردستان لە دەست دەوڵەتی عێراق و حکومەتی بەعس، شاری کەلار لە (٩/ئازاری ١٩٩١) ڕزگارکرا و کەوتە چوارچێوەی ناوچە ئازادکراوەکانەوە، بەڵام بە هۆی سەپاندنی گەمارۆی ئابوری بە سەر

دەوڵەتی عێراق، لە لایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە، دەوڵەتی عێراقیش گەمارۆی ئابوری و هاتوچۆی خستەسەر هەرێمی کوردستان، لەبەرئەو هۆکارە لەو ماوەیەدا چالاکی ئابوری و ژیانەوە لە شاردا وەستابوو، بەڵام دوای نەمانی گەمارۆی ئابوری و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە (٩/نیسانی/٢٠٠٣)دا، جارێکی دیکە گۆڕانکاری گەورە ڕوویدا (مقداد حسن عبدالقدر ٢٠١٤،ل٣٦)، لە ژیانی شار، ئابوری، بازرگانی، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، شاری کەلار بێبەش نەبوو لەو گۆرانکاریە گەورەیە و بەڵکو جیاوازتر بوو لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی شاری کەلار نزیکترە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق و بوو بە دەرگایەکی کراوە بەڕووی ناوچەکانی خوارووو و ناوەڕاستدا، پێشتر لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا، هاتووچۆ نەبوو، سەرجەم دەرگاکان داخراوبوون، ئەم گۆڕانکاریە لە عێراقدا، دەرگایەکی گەورەی بازرگانی و هاتووچۆی بەڕووی شاری کەلاردا کردەوە، بە تایبەت بەهۆی نزیکی لە مەرزی پەروێزخانەوە، چالاکی بازرگانی و هامشۆکردنی شمەک زیاتر دەبوو، قۆناغی چوارەم لە ماوەی نێوان (٢٠٠٧ – ٢٠٢٢)، گەورەترین گۆڕانکاری لە ڕووبەری ئاوەدانی ڕوویداوە لە ماوەی نێوان (١٦) ساڵدا، ڕووبەری ئاوەدانی (١٥٣٦,٢) هێکتار بووە، بە ڕێژەی گۆڕانکاری (١٠٣,٥٧٪) وە زیادبوونی ئاوەدانی (٧٨١,٦) هێکتار، تێکرای زیادبوونی ساڵانە (٤٨,٨٥) هێکتارە، دەتوانین ئەم قۆناغە بە قۆناغی گەشەکردنی خێرای ڕووبەری ئاوەدانی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوەکە ناوبنێین، ئەمەش بۆ ئەو گۆرانکاریە خێرایە دەگەڕێتەوە، کە لە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە ڕوویداوە، چونکە زیادبوونی دانیشتوان دەبێتە هۆی زیادبوونی داواکاری لە سەر ڕووبەری نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاریەکان، هۆکاری ئەم زیادبوونەش بۆ بارودۆخی ئەمنی لە ناوەراست و باشوری عێراق دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی لە (٢٠٠٦ – ٢٠٠٨)، بە شێوەیەکی گشتی ژیانی دانیشتوانیان کەوتە بەر مەترسی شاڵاوی تیرۆرستی، ناچاربوون ڕوو لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کورد، عەرەب، تورکمان، بە ماڵەوە هاتنە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، شاری کەلاریش کەوتەبەر ئەو تەوژمە زۆرەی کۆچ، کە تێیدا نیشتەجێبوون، بە تایبەتی ئەو دانیشتوانە زۆرەی کە لە ناوچەکانی بەعقوبە، مقدادیە، جەلەولاوە دەهاتنەناو شاری کەلار، بەحکومی شوێنە جوگرافیەکەی و نزیکی لەو ناوچانەوە، جگە لەوە ژمارەیەکی زۆر لە بەغدادی پایتەختەوە دەهاتن، بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی لە شوێنی خۆیان و سەقامگیری ئارامی و ئاسایش لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و شاری کەلاریش بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی عێراقدا، هەروەها باشبوونی ئاستی گوزەرانی دانیشتوانی شاری کەلار و زۆر بوونی داهات و جوڵەی بازرگانی و هاتوچۆ لە ناوچەی توێژینەوە،

باشبوونی موچەی فەرمانبەران، دابەشکردنی زەوی لە لایەن حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی شارەوانی کەلارەوە بە سەر خەڵکی شار و ناوچەکانی دەورروبەر لە سنوری شارەوانی کەلاردا، پێدانی پێشینەی خانووبەرە بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی شاری کەلار، دواتر بە قەرزی ماوەدرێژ وەردەگیرایەوە. هەموو ئەمانە هۆکاربوون لەم فراوانبوونە زۆرەی ڕووبەری ئاوەدانی لە شاری کەلاردا. پەیدابوونی دەیان کۆمپانیای وەبەرهێنان چ بیانی بێت یان ناوخۆیی لە شاری کەلاردا بۆ دروستکردنی بینای حکومی و کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون پرۆژەی گەورەی ڕێگاوبان، ئاوەڕۆ لە شاری کەلاردا، زیاد بوونی خزمەتگوزاری و بینا و دامودەزگای حکومی هۆکار بوو بۆ هاتنی دانیشتوانی گوندنشینان و جێگیربوونیان لە ناوچەکەدا، پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ زیادبوونی ڕووبەری ئاوەدانی لە ماوەی قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەم بۆ دروستبوونی دیاریدەی هەڕەمەکی و بازدان بۆ زەویە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری شار و گۆڕینیان بۆ ڕووبەری نیشتەجێبوون و ئاوەدانبوونەوەی لە شاردا.

**٢- پێشکەوتنی ڕووبەری ئاوەدانی لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری کەلار**

لە خشتەی (٢)دا، پەرەپێدانی ڕووبەری ئاوەدانی بەشێوەیەکی تەواو لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری کەلار دەردەکەوێت لە ماوەی نێوان قۆناغی پێش١٩٧٠ بۆ ٢٠٢٢، دابەشبووە بۆ چوار ماوەی زەمەنی، بەم شێوەی خوارەوە:

**خشتەی (٢) پێشکەوتنی ڕووبەری ئاوەدانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە سەر ئاستی گەڕەکەکان لە ماوەی پێش ١٩٧٠ – ٢٠٢٢**

| گەڕەکەکان | قۆناغی پێش ١٩٧٠ | | ١٩٧٠-١٩٨٧ | | ١٩٨٨-٢٠٠٦ | | ٢٠٠٧-٢٠٢٢ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هێکتار | ڕێژە٪ | هێکتار | ڕێژە٪ | هێکتار | ڕێژە٪ | هێکتار | ڕێژە٪ |
| **پیشەسازی** | – | – | – | – | ٤٣,١ | ٥,٧ | ١٢٩,٨ | ٨,٤٤ |
| **تابلۆ** | – | – | – | – | – | – | ٣٤,٥ | ٢,٢٤ |
| **کەلاری کۆن** | ٦,٥ | ٣٢,٨ | ٣٧,٩ | ٨,٨ | ٨٠,٢ | ١٠,٦٢ | ٨١,٥ | ٥,٣٠ |
| **جوتیاران** | – | – | | | ٠,٥ | ٠,٠٦ | ٤٩,٨ | ٣,٢٤ |
| **شارەوانی٢** | – | – | ٣,٩ | ٠,٩١ | ٢٦,٦ | ٣,٥٢ | ٣٥,٦ | ٢,٣١ |
| **شارەوانی١** | – | – | – | – | ٣٠,١ | ٣,٩٨ | ٤٢,٥ | ٢,٧٦ |
| **ئاوارەکان** | – | – | – | – | ٩,٦ | ١,٢٧ | ١٠,٥ | ٠,٦٨ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەنفالەکان | – | – | – | – | ١,٣ | ٠,١٧ | ٢٠,١ | ١,٣٠ |
| رزگاری | – | – | – | – | ٣٧ | ٤,٩٠ | ٤٨,٧ | ٣,١٧ |
| مامۆستایان | – | – | ٤,٣ | ٣ | ٤٠,٩ | ٥,٤٢ | ٤٩,٢ | ٣,٢٠ |
| خەبات | – | – | – | – | ٣٨ | ٥,٠٣ | ٤٤,٩ | ٢,٩٢ |
| راپەرین | – | – | ٤٨,٣ | ١١,٢ | ٤٨,٣ | ٦,٤٠ | ٧٨,٩ | ٥,١٣ |
| شەهیدان | – | – | ٢,٢ | ٠,٥١ | ٣٤,٣ | ٤,٥٤ | ٣٤,٤ | ٢,٢٣ |
| فەرمانبەران | – | – | ٣٨,٤ | ٨,٩٧ | ٣٨,٤ | ٥,٨ | ٦٨,٦ | ٤,٤٦ |
| شۆرش | – | – | ٢٣ | ٥,٣٧ | ٢٣ | ٣,٠٤ | ٣٨,٦ | ٢,٥١ |
| مەتارەکە | – | – | – | – | ٧,٨ | ١,٠٣ | ٢٢,١ | ١,٤٣ |
| بنگرد | ٢,٧ | ١٣.٦ | ٣٩,١ | ٩,١٣ | ٣٩,١ | ٥,١٨ | ٤٩,٢ | ٣,٢٠ |
| شێروانە | ١,٨ | ٩ | ٤٠,٢ | ٩,٣٩ | ٤٠,٢ | ٥,٣٢ | ٦٣,٢ | ٤,١١ |
| حەمرین | – | – | ٨,٣ | ١,٩٣ | ٧,٩ | ١,٠٤ | ٧٣,٢ | ٤,٦ |
| سیروان | – | – | ٤٣,٤ | ١٠,١٤ | ٣١,٣ | ٤,١٤ | ٣٣,٣ | ٢,١٦ |
| ئەندازیاران | – | – | – | – | ٩,٩ | ١,٣١ | ١١,٣ | ٠,٧٣ |
| گۆران | – | – | ٢٧,٦ | ٦,٤٥ | ٥١,١ | ٦,٧ | ٥٥,٦ | ٣,٦١ |
| روناکی | – | – | – | – | – | – | ٣٥,٦ | ٢,٣١ |
| نەورۆز | – | – | – | – | – | – | ١٨ | ١,١٧ |
| ئازادی | ٨,٨ | ٤٤,٤ | ٤٤ | ١٠,٢٨ | ٤٤ | ٥,٨ | ٥٨,٩ | ٣,٨٣ |
| سەرکەوتن | | | ٤٧,١ | ١١ | ٤٧,٥ | ٦,٢ | ٥٦,٧ | ٣,٦٩ |
| لانەستی | – | – | – | – | – | – | ٢٣,١ | ١,٥٠ |
| پیشەوەران | – | – | – | – | – | – | ٥٣,٨ | ٣,٥٠ |
| بەهەشتی مامۆستایان | – | – | – | – | – | – | ٨٣,٤ | ٥,٤٢ |
| بەردەسوور | – | – | ٢٣,٦ | ٥,٥ | ٢٣,٦ | ٣,١٢ | ٩٧,٧ | ٦,٣٥ |
| دریم لاند | – | – | ٠,٩ | ٠,٢١ | ٠,٩ | ٠,١١ | ١٣,٢ | ٠,٨٥ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **نەوژین ستی** | – | – | – | – | – | – | ١٠,١ | ٠,٦٥ |
| **گەرمیان** | – | – | – | – | – | – | ١٠,٢ | ٠,٦٦ |
| **کۆی گشتی** | ١٩,٨ | ١٠٠ | ٤٢٧,٩ | – | ٧٥٤,٦ | | ١٥٣٦.٢ | |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بە پشتبەستن بە نەخشەی (٢) و خشتەی (١).

بەگوێرەی خشتەکە لە قۆناغی پێش ١٩٧٠ ناوچەی توێژینەوەکە (١٩,٨) هێکتار بووە، پێکهاتوە لە چوار گەڕەک، ئەوانیش گەڕەکەکانی، کەلاری کۆن، بنگرد، شێروانە، ئازادی، گەورەترین ڕووبەر گەڕەکی ئازادییە کە (٨,٨) هێکتارە، کەمترینی گەڕەکی شێروانە بووە، قۆناغی دووەم لە ١٩٧٠ – ١٩٨٧ دا، ڕووبەری ئاوەدانی بووە بە (٤٢٧,٩) هێکتار، پێکهاتوە لە چواردە گەڕەک، گەورەترین گەڕەکی ڕاپەڕین بووە ڕووبەرەکەی (٤٨,٣) هێکتاربووە، کەمترین دریم لاند بووە (٠,٩) هێکتارە. لە قۆناغی سێیەمدا ڕووبەری ئاوەدانی زیادیکردوە و بووە بە (٧٥٤,٦) هێکتار و پێکهاتوە لە بیست و پێنج گەڕەک، گەورەترین گەڕەک لە ڕووی ئاوەدانیەوە گەڕەکی کەلاری کۆنە ڕووبەرەکەی (٨٠,٢) هێکتاربووە، بچوکترینی گەڕەکی جوتیاران بووە، کە (٠,٥) هێکتارە. لە قۆناغی چوارەمدا گەورەترین گۆڕانکاری لە ڕووبەریدا ڕوویداوە و بووە بە (١٥٣٦.٢) هێکتار، ٣٣ گەڕەک، گەورەترین گەڕەک لە ڕووی ڕووبەرەوە گەڕەکی پیشەسازیە، کە (١٢٩,٨) هێکتارە، بچوکترین گەڕەکیش گەڕەکی نەوژین ستی یە (١٠,١) هێکتارە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە شاری کەلار بە درێژایی ماوە مۆرفۆلۆجییەکان لە گەشەکردندا بووە.

**٣- کۆی گشتی زیادبوونی ئاوەدانی لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە:**

لە ماوەی هەر چوار قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی شاری کەلاردا کۆی گشتی زیادبوونی ڕووبەری ئاوەدانی لە سەر ئاستی گەڕەکەکاندا لە خشتەی (٣) ڕوون دەبێتەوە بەپێی قۆناغەکان بۆ هەر گەڕەکێک چەند هێکتار زیادیکردوە بەراورد بە قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکەی پێش خۆی.

**خشتەی (٣) زیادبوونی ڕووبەری ئاوەدانی لە ناوچەی توێژینەوە لە قۆناغی پێش ١٩٧٠ – ٢٠٢٢**

| گەڕەکەکان | قۆناغی دێ هێکتار | ١٩٧٠-١٩٨٧ هێکتار | ١٩٨٨-٢٠٠٦ هێکتار | ٢٠٠٧-٢٠٢٢ هێکتار |
|---|---|---|---|---|
| **پیشەسازی** | | | ٤٣,١ | ٨٦,٧ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تابلۆ | | | | ٣٤,٥ |
| کەلاری کۆن | ٦,٥ | ٣١,٤ | ٤٢,٣ | ١,٣ |
| جوتیاران | | | ٠,٥ | ٤٩,٣ |
| شارەوانی٢ | | ٣,٩ | ٢٢,٧ | ٩ |
| شارەوانی١ | | | ٣٠,١ | ١٢,٤ |
| ئاوارەکان | | | ٩,٦ | ٠,٩ |
| ئەنفالەکان | | | ١,٣ | ١٨,٨ |
| ڕزگاری | | | ٣٧ | ١١,٧ |
| مامۆستایان | | | ٤٠,٩ | ٨,٣ |
| خەبات | | | ٣٨ | ٦,٩ |
| ڕاپەڕین | | ٤٨,٣ | ٠ | ٣٠,٦ |
| شەهیدان | | ٢,٢ | ٣٢,١ | ٠،١ |
| فەرمانبەران | | ٣٨,٤ | ٠ | ٣٠,٢ |
| شۆڕش | | ٢٣ | ٠ | ١٥,٦ |
| مەتارەکە | | | ٧,٨ | ١٤,٣ |
| بنگرد | ٢,٧ | ٣٦,٤ | ٠ | ١٠,١ |
| شێروانە | ١,٨ | ٣٨,٤ | ٠ | ٢٣ |
| حەمرین | | ٨,٣ | -٠,٤ | ٦٥,٣ |
| سیروان | | ٤٣,٤ | -١٢,١ | ٢ |
| ئەندازیاران | | | ٩،٩ | ١,٤ |
| گۆران | | ٢٧,٦ | ٢٣,٥ | ٤,٥ |
| ڕوناکی | | | ٠ | ٣٥,٦ |
| نەورۆز | | | ٠ | ١٨ |
| ئازادی | ٨,٨ | ٣٥,٢ | ٠ | ١٤,٩ |
| سەرکەوتن | | ٤٧,١ | ٠,٤ | ٩,٢ |
| لانەستی | | | ٠ | ٢٣,١ |
| پیشەوەران | | | ٠ | ٥٣,٨ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەهەشتی مامۆستایان | | | ٠ | ٨٣,٤ |
| بەردەسوور | | ٢٣,٦ | ٠ | ٧٤,١ |
| دریم لاند | | ٠,٩ | ٠ | ١٢,٣ |
| نەوژین ستی | | | ٠ | ١٠,١ |
| گەرمیان | | | ٠ | ١٠,٢ |
| **کۆی گشتی** | ١٩,٨ | ٤٠٨,١ | ٣٢٦,٧ | ٧٨١,٦ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بە پشتبەستن بە نەخشەی (٢) و خشتەی (٢).


بەپێی خشتەکە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە لە ناوچەی توێژینەوە، لە سەرجەم قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکاندا، گەورەترین زیادبوون لە سەر ئاستی گەڕەکەکان، لە ٢٠٢٢ بووە، کە زیادبوونی ڕووبەری ئاوەدانیەکەی لە هەر (٣٣) گەڕەکەکەی شاری کەلار (٧٨١,٦) هێکتارە، لە ١٩٨٨ – ٢٠٠٦، (٣٢٦,٧) هێکتاربووە، هەروەها لە ١٩٧٠ – ١٩٨٧ دەکاتە (٤٠٨,١) هێکتار.

**تەوەری دووەم / ئاراستە و شێوەکانی گەشەی ئاوەدانی لە شاری کەلار**

**١- ئاراستەی گەشەی ئاوەدانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە**

لەم تەوەرەدا باس لە ئاڕاستەکانی گەشەی ئاوەدانی دەکەین، ئەمەش بەپێی نابەرامبەری ئاڕاستەکانیان دەگۆڕێت، بە پشتبەستن بە ماوە مۆرفۆلۆجییەکان درێژبوونەوەی ئاوەدانی دیاریدەکرێت، لە شاری کەلار بەپێی هەر چوار قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان دابەش دەبێت بە سەر چەند ئاڕاستەیەک، لە نەخشە (٣) و شێوەی (١) دا خراوەتەڕوو.

**نەخشەی (٣) ئاراستەکانی گەشەی ئاوەدانی لە شاری کەلار لە قۆناغی دێ -٢٠٢٢**




**سەرچاوە/ کاری توێژەران بە پشتبەستن بە نەخشەی (٢) قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان.**

**خشتەی (٤) درێژی ئاراستەکانی گەشەی ئاوەدانی لە شاری کەلار ساڵی ٢٠٢٢**

| قۆناغ | قۆناغی یەکەم دێ | قۆناغی دووەم ١٩٧٠-١٩٨٧ | قۆناغی سێیەم ١٩٨٨-٢٠٠٦ | قۆناغی چوارەم ٢٠٠٧-٢٠٢٢ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| **درێژی بە کیلۆمەتر** | ١,٣٦ کم | ٨,٥٧ کم | ٢,٤٣ کم | ٥,٦٤ کم | ٣٠,٣٧ کم |

سەرچاوە؛ کاری توێژەران بەپشتبەستن بە نەخشەی (٣)

ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەمدا ئاڕاستەی ئاوەدانی لە ناوچەی توێژینەوەکە، لە باکوری ڕۆژهەڵات، باکوری ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوا، باشوری ڕۆژئاوا درێژبووەتەوە، کۆی درێژییەکەی دەگاتە نزیکەی (١,٣٦)کم٢، لە قۆناغی دووەمدا ئاڕاستەی درێژبوونەوەی ئاوەدانی بە ئاڕاستەی باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکوری ڕۆژهەڵات، باکوری ڕۆژئاوا، باشوری ڕۆژهەڵات، باشوری ڕۆژهەڵات، بە تایبەت ئاڕاستەی باکوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاوا، کۆی درێژبوونەوەی دەکاتە نزیکەی (٨،٥٧)کم٢، قۆناغی سێیەم ئاڕاستەی درێژبوونەوەکەی تەنها بە ئاڕاستەی باکور و باکوری ڕۆژئاوا بووە، درێژییەکەی دەگاتە نزیکەی


(٢,٤٣)کم٢، قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەم گەشەی ئاوەدانی بە هەموو ئاراستەکاندا ڕوویداوە، واتا لە باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکوری ڕۆژهەڵات، باکوری ڕۆژئاوا، باشوری ڕۆژهەڵات، باشوری ڕۆژئاوای گرتووەتەوە. کۆی درێژی هەر هەموی دەکاتە نزیکەی (٥,٦٤)کم٢، دیاریکردنی ئەم ئاراستانە سودمان پێدەگەیەنێت بەوەی، کە بزانین شارەکە بە چ ئاراستەیەک فراوانبووە لە ئێستا و ئایندەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەربەستەکانی بەردەم گەشەی ئاوەدانی دیاری دەکات، ئەم ئاراستانە لەسەر بنەمای درێژی دیاریدەکرێت، بەپێی دیاریکردنی ئاراستەکان لە ناوچەی توێژینەوەکەدا، دەبینین لە قۆناغی یەکەمدا ئاراستەکان درێژبوونەتەوە بەشێوەی بڵاوبووەوە بە هەموو لایەکدا، ئەمەش بە هۆی هەڕەمەکی دروستبوونی و کەمی ژمارەی دانیشتوان. لە قۆناغی دووەمدا زۆرترین درێژبوونەوەی هەبووە بە هەموو ئاراستەکان، لە هەندێک شوێندا پچڕ پچڕە و لە هەندێک شوێندا بەشێوەی پڕبووەوە، بۆشاییەکان بۆتە هێڵێکی درێژ. لە قۆناغی سێیەمدا تەنها بە ئاراستەی باکور و باکوری خۆرئاوا بووە، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی لەم  قۆناغەدا دابەشکردنی زەویەکان بەشێوەی پلان دەستپێدەکات هەوڵدراوە زیاتر بە ئاراستەی باکور و باکوری خۆرئاوابێت، چونکە بەو ئاراستە زەویە کشتوکاڵیەکانی موڵکی وەزارەتی داراییە و گرێبەستی کشتوکاڵی لەسەرە، زەویە کشتوکاڵیەکانی کەمتر بەپیتترە. لە قۆناغی چوارەمدا بەهۆی گەورەبوونی شار و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و بوونی پلان بە هەموو ئاراستەکاندا بڵاوبووەتەوە و بووەتە هۆی پڕبوونەوەی زۆربەی شوێنە بۆشاییەکان و زیاتر بە ئاراستەی باکور و باکوری خۆرئاوایە، ئەوەش بە هۆی بەرزی شوێنەکەوە بەو ئاراستەیەدا دیمەنێکی جوانتری هەیە بەسەر شاردا، فراوانبوون بە ئاراستەی باشوری ڕۆژئاوا بەشێک لە زەویەکانی موڵکی تایبەتە و خاکەکەی بەپیتترە و بەشێک لە زەویەکانی کراون بە باخ و فراوانبوون بە ئاراستەی باکوری ڕۆژهەڵات. باشوری ڕۆژهەڵات کەمترە بە هۆی ڕووباری سیروان، تا ئێستا نەتوانراوە لە لایەن حکومەتەوە سودی لێوەربگیرێت، بۆ فراوانبوون لە ڕێگەی دابینکردنی پردی هەڵواسراو بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە، باشتر وایە، ئەم ئاراستە تەرخانبکرێت بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی گەشت و گوزار.

**٢- پلان و شێوەی گەشەی ئاوەدانی لە شاری کەلار**

شار لە چوارچێوەی پلانەکەیدا کاردەکات، کە بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵیدا گەشەی کردوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە پلانی شار دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو شارانەی بەشێوەی سروشتی و بەبێ سیستەمی پلان گەشەیانکردوە لەگەڵ ئەو شارانەی بەپێی پلانێکی دیاریکراو دروستکراون و گەشەیان کردوە(خلف حسين علی الدليمي،٢٠١٨،ص٢١) پلانی شار واتا، شێواز، ڕێگا، ڕێکخستن

و چارەسەری گرفتەکانە، پرۆسەی پەرەپێدان و بەدیهێنانی ئامانجی ئایندەیە، پلانی شار واتا، ئەو شێوە گشتیەی کە شارەکەی لە سەر بنیاتنراوە (عایش حسیبة،٢٠٢٠،ص٢٤٩)، خودی شار داوای پلان دەکات، وەک هەر پیشەیەک لە پیشەکانی دی، داوای پلانێکی گونجاو دەکات، لە لایەن دامودەزگاکانەوە داواکاری لەسەر پلاندەکرێت. زۆربەی شارەکان لە کۆندا بەبێ پلان دروستبوون، هەر ئەمەش وایکردوە شێوەی شارەکان جیاوازبێت، پێویستیان بەپێداچوونەوە و رێکخستن بێت (کریم حسن علوان ٢٠١٧،ص١٩٨٩)، هەر لەبەرئەوەیە پلانی شار کار لەسەر شێوەی شارەکە دەکات، شاری کەلاریش لەپێشدا دێ بووە، دواتر بووە بەشار، زیاتر لە ٥٢ ساڵە ئەزموونی شار بەرجەستە دەکات، لە ماوەی ئەم ساڵانەدا بە گوێرەی واقعی شێوازی ژیان و بارودۆخی رامیاری و کارگێری شارەکە، فراوانبوونی ئاوەدانی لە شارەکەدا چۆنیەک نەبووە، تاوەکو دواجار هەمویان پێکەوە رۆڵی جۆرێک لە پلانی ئەزموونیان بینیوە و ئەم شارەی ئێستایان پێکهێناوە، بۆیە ئەگەر لە نەخشەی (٤) وردبینەوە، دەتوانین کۆمەڵێک شێوەی جیاواز بەدیبکەین لەسەر شێوەی بێپلان دروستبووە، بەڵام لەگەڵ گەورە بوون و تێپەڕبوونی ماوەی زەمەنی گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، گرنگترینیان بریتین لە:

نەخشەی (٤) شێوەکانی ئاوەدانی لە شاری کەلار ساڵی ٢٠٢٢




سەرچاوە/ کاری توێژەران بە پشتبەستن بە نەخشەی (٢)ی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان.

**١- شێوەی پەرشووبڵاو:** ئەم شێوەیە زیاتر لە کۆتایی ئاوەدانی گەڕەک و لێوارەکانی حەوزی لقە ئاوییەکانی ناو سنوری شارەکەدا هەڵکەوتوون، واتا زیاتر ئەو شوێنانەی شاریان پێکهێناوە، کە دڵنیایی نیشتەجێبوونیان نیە و ناتوانرێت هاوشێوەی شوێنە تەخت و پارێزراوەکان تۆڕی ڕێگەوبان و بلۆکی نیشتەجێبوونیان بۆ بکرێت، وەک گەڕەکی نەورۆز.

**٢- شێوەی درێژکۆڵەیی:** یەکێکی تر لەو شێوانەی کە وەریدەگرێت، شێوەی درێژکۆڵەییە لە ناوچەی توێژینەوە، ئەویش گەڕەکەکانی فەرمانبەران، ڕاپەڕین، سەرکەوتن، شەهیدان، خەبات، مامۆستایان و ڕزگارییە، واتا حەوت گەڕەک دەگرێتەوە.

**٣- شێوەی چڕ (کەڵەکەبوو):** شێوەی کەڵەکەبوو بە سادەترین شێوەی فراوانبوون دادەنرێت، کە بە پڕبوونەوەی ڕووبەری بۆشایی ناو شارەکان ناسراوە، بەزۆری لە شاری کەلاردا لە گەڕەکە کۆنەکانی وەک (ئازادی، گۆران، کەلاری کۆن، ڕاپەڕین)دا هەیە.

**٤- شێوەی تۆڕی (شبکی):** ئەو شارانەی لە سەر شێوەی تۆڕی بنیاتنراون، هۆکارەکەی بۆ دابەشکردنی زەوی لەناو شارەکەدا دەگەڕێتەوە، لە سەر شێوەی لاکێشە یان چوارگۆشە کێشراون، بەگشتی لە سەر شێوەیەکی ڕێک و جوان دەردەکەون. ناوچەی توێژینەوە لەم شێوەیە بێبەش نەبووە، بە هۆی دابەشکردنی زەوی لە سەر بنەمای پلان، لەم ساڵانەی دوایدا بە تایبەتی لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)دا، ئەمەش لە گەڕەکەکانی ( مامۆستایان، خەبات، ڕاپەڕین)دا دەردەکەوێت.

**٣- پێشکەوتنی ژمارەی بیناکان لە شاری کەلار**

زیادبوونی ژمارەی بینا لە شاردا بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە، زیادبوونی دانیشتوان دەبێتە هۆی زیادبوونی داواکاری لە سەر نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاریە گشتیەکان (لبني ستار أبراهيم البياتي ٢٠٢٣،ص١٦٢-١٦٣)، بۆ دیاریکردنی ئاستی گەشەسەندن لە ژمارەی بیناکانی هەر ناوچەیەک لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێت، لە ناوچەی توێژینەوەشدا بە مەبەستی دیاریکردنی قەبارەی گەشەپێدان لە ژمارەی بیناکاندا بە پێی گەڕەکەکان لە خشتەی (٥) خراوەتەڕوو لە ماوەی نێوان (٢٠٢٢ ،٢٠٠٩ ،١٩٨٧ ، ١٩٧٧)، بەم شێوەیە.

**خشتەی (٥) پێشکەوتنی ژمارەی بینا لە شاری کەلار لە ماوەی (١٩٧٧ – ٢٠٢٢)**

| گەڕەک | ١٩٧٧ | | | ١٩٨٧ | | | ٢٠٠٩ | | | ٢٠٢٢ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. خانوو | ژ. خێزان | ژ. دانیشتوان | ژ. خانوو | ژ. خێزان | ژ. دانیشتوان | ژ. خانوو | ژ. خێزان | ژ. دانیشتوان | ژ. خانوو | ژ. خێزان | ژ. دانیشتوان |
| پیشەسازی | | | | | | | ٣٩ | ١٠٥ | ٥٠٢ | ٨٨ | ١٤٦ | ٦٩٧ |
| تابلۆ | | | | | | | ١٢٠ | ١٠٥ | ٥٥٤ | ٩٩٥ | ١٤٦ | ٧٦٩ |
| کەلاری کۆن | ٢٥٦ | ٣٤٣ | ١٨٣٢ | ٧٧٥ | ١١٣٩ | ٧٤٥٨ | ٩٤٠ | ١٠١٩ | ٥٠١١ | ٢٤١٣ | ٩٩١ | ٤٥٧٦ |
| جوتیاران | | | | | | | ٦٠٥ | ٧٦٢ | ٣٩٠٤ | ٢٢٧٠ | ١٠٥٧ | ٥٤١٧ |
| شارەوانی٢ | | | | | | | ٤٥٠ | ٤٢٦ | ٢١٧٤ | ١٤٦٨ | ٥٩١ | ٣٠١٦ |
| شارەوانی١ | | | | | | | ٥٨٨ | ٧١٤ | ٣٢٩٨ | ٩٥٥ | ٩٩١ | ٤٥٧٦ |
| ئاوارەکان | | | | | | | ٢٩٥ | ٢٨٤ | ١٤٤٥ | ٩٤٠ | ٣٩٤ | ٢٠٠٥ |
| ئەنفالەکان | | | | | | | ٩٥ | ١٠٦ | ٤٧٤ | ١٣٥٠ | ١٤٧ | ٦٥٨ |
| ڕزگاری | | | | | | | ٦٤٢ | ٦٥٧ | ٢٨٨ | ١٥٥٠ | ٩١٢ | ٤٥٦٢ |
| مامۆستایان | | | | | | | ١٠٢٢ | ١٠٦٩ | ٥١٩٠ | ١٥٩٨ | ١٤٨٤ | ٧٢٠١ |
| خەبات | | | | | | | ١٤٠٠ | ١٤٣٠ | ٧٧٩٢ | ١٨٠٠ | ١٩٨٥ | ١٠٨١٢ |
| ڕاپەڕین* | | | | ١٦٨٤ | ٢١٩٠ | ١٣٩٥٦ | ١٥٤٠ | ٢٠٢٥ | ١٠١٣٠ | ١٠٥٢ | ٢٨١٠ | ١٤٠٥٦ |
| شۆڕش | | | | | | | ١٠٤٧ | ١٠٦٧ | ٤٩٩٣ | ١٠٧٦ | ١٤٨١ | ٦٩٢٨ |
| فەرمانبەران | | | | | | | ١٠٣٥ | ١٢٥٠ | ٦٤٧٣ | ١٢٨١ | ١٧٣٥ | ٨٩٨١ |
| شەهیدان | | | | | | | ١٢٣١ | ١٣٠٥ | ٦٥٨٦ | ١٨٥٠ | ١٨١١ | ٩١٣٨ |
| مەتارەکە | | | | | | | ٢٢ | ٣٩ | ٢٢٢ | ٤٨ | ١٠٥ | ٦٣٠ |
| بنگرد | ٤٩٠ | ٦٢١ | ٣٢٨٤ | ٢٤٩١ | ٢٤٠٧ | ١٦٥٢٩ | ١١١٤ | ١٣٤٦ | ٦٤١٦ | ١٢٠٥ | ١٨٦٨ | ٨٩٠٢ |
| شێروانە* | | | | ٨٢ | ٩٥ | ٢٥٧ | ١٢٠٥ | ١٣٢٠ | ٦٦٠١ | ٨٢٧ | ١٨٣٢ | ٩١٥٩ |
| حەمرین | | | | | | | ٩٠٥ | ١١٩٧ | ٦٠١٦ | ١٣٢٦ | ١٦٦١ | ٨٣٤٧ |
| سیروان | ٣٣٩ | ٤٩٣ | ٤٠٦١ | ١٦٣٦ | ٢٠٣١ | ١٢٢٢٨ | ١١٠٠ | ١٢٢٨ | ٥٨٦٦ | ١٥٨٦ | ١٧٠٤ | ٨١٣٩ |
| ئەندازیاران | | | | | | | | | | ٩٠٠ | ٢٠٠ | ١٢٠٠ |
| گۆڕان | | | | | | | ١٣٠٢ | ١٥٩٥ | ٨٠٠٩ | ١٩١٧ | ٢٢١٤ | ١١١١٣ |
| ڕوناکی | | | | | | | ١٠٥ | ١٧٧ | ٨٨٦ | ١٠٠٨ | ٢٤٦ | ١٢٢٩ |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەورۆز | | | | | | | ٩٠ | ١١٧ | ٢٨٨ | ٢٨٨ | ١٦٢ | ٨٩٤ |
| ئازادی | | | | | | | ١٣٠٩ | ١٦٣٢ | ٧٨٦١ | ٧٢٩ | ٢٢٦٥ | ١٠٩٠٧ |
| سەرکەوتن | | | | | | | ١٤٠٣ | ١٦٣٢ | ٧٣٣٩ | ١٢٦٨ | ٢٢٦٥ | ١٠١٨٣ |
| لانەستی | | | | | | | | | | ٣٣٠ | ٣٣٠ | ١٩٨٠ |
| پیشەوەران | | | | | | | | | | | – | – |
| بەهەشتی مامۆستایان | | | | | | | | | | | – | – |
| بەردەسوور | | | | ١٧٠٤ | ٢٠٩٣ | ١٢٦٧٤ | ٦٠٣ | ٨٣٦ | ٤٠١٨ | ١٤٠٨ | ١١٦٠ | ٥٥٧٥ |
| دریم لاند | | | | | | | | | | ١٨٥ | ١٨٥ | ١١١٠ |
| نەوژین ستی | | | | | | | | | | ١٦٢ | – | – |
| گەرمیان | | | | | | | ٢٤٠ | ٣١٠ | ١٤٧٨ | ٨٣٠ | ٤٣٠ | ٢٠٥١ |
| کۆی گشتی | ١٠٨٥ | ١٤٥٧ | ٩١٧٧ | ٨٣٧٢ | ٩٩٥٥ | ٦٣١٠٢ | ٢٠٤٤٧ | ٢٣٧٥٣ | ١١٣٨١٤ | ٣٦١٨٨ | ٣٣٣٠٨ | ١٦٤٨١١ |

سەرچاوە؛ کاری توێژەران بە پشتبەستن بە

١. جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان للمحافظة السليمانية، لسنة ١٩٧٧ ص ٣٦١.

٢. جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان للمحافظة السليمانية، لسنة ١٩٨٧ ص ٤.

٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراو، ٢٠٢١.

٤. سەرچاوە / کاری توێژەر، بە پشتبەستن بە بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان، هۆبەی زەوی و زار، ژووری ژمارە ٤ .

*/ گەڕەکی شۆرش و ڕاپەرین لەخشتەکەدا پێکەوە باسکراوە, ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی لە حصر و ترقیمی ١٩٨٧ دا بە یەک گەرەک هەژمارکراوە بە ناوی گەرەکی حی بعث، بەڵام دواتر ئەم ناوە گۆڕاوە بۆ ئەو دوو گەرەکەی ئاماژەمان پێکرد.

*/ گەرەکی شێروانە لە حصر و ترقیمی ١٩٨٧ دا هەژمارنەکراوە، ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوبووە لەو کاتەدا، ڕەنگە بگەرێتەوە بۆ سیاسەتی ڕژێمی بەعس هەمیشە لە هەوڵی

کەمکردنەوەی دانیشتوانی کوردبووە، بۆیە ئێمەش لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە لەگەڵ زۆر بەڕێز نوسەر و مێژوونوس محمد شاکەلی و دکتور ئەحمەد باوەڕ شارەزا لە مێژووی ناوچەی تویژینەوە ژمارەی دانیشتوانمان وەرگرتوە.

**ساڵی ١٩٧٧** : لەم ساڵەدا ژمارەی یەکەی نیشتەجێبوون (١٠٨٥) یەکە بووە، ژمارەی خێزان (١٤٥٧) بووە، ژمارەی ئەندامانی خێزان (٩١٧٧) کەس بووە. یەکە نیشتەجێبوونەکان دابەشبوونە بەسەر سێ گەڕەک، ئەوانەش کەلاری کۆن ٢٥٦ یەکەی نیشتەجێبونی هەبووە، بنگرد ٤٩٠ یەکەی نیشتەجێبوونی هەبووە، سیروان ٣٣٩ یەکەی نیشتەجێبوونی هەبووە. زۆرترین یەکەی نیشتەجێبوون لە گەڕەکی کەلاری کۆن بووە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی شاری کەلار لە سەر بناغەی ئەم گەڕەکە دروستبووە.

**ساڵی ١٩٨٧** : لەم ساڵەدا ژمارەی بینای نیشتەجێبوون بووە بە (٨٣٧٢)، ژمارەی خێزان بووە بە (٩٩٥٥) خێزان، ژمارەی ئەندامانی خێزان (٦٣١٠٢) کەس بووە. لە ساڵی ١٩٨٧دا ناوچەی تویژینەوە لە ڕووی ژمارەی بینا، خێزان، ئەندامانی خێزان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتوە بەراورد بە ساڵی ١٩٧٧. هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٧٩ هەڵدەستێت بە دابەشکردنی زەوی بە سەر دانیشتواندا و ناوی دەنێت گەڕەکی حی بعس. کە لە حەسر و تەرقیمەکەشدا بەو شێوەیە ناوی هاتوە. گەورەترین گەڕەک لە ڕووی ژمارەی بینا، خێزان، ئەندامانی خێزان، گەڕەکی بنگردە، ژمارەی بینای نیشتەجێبوونی ٢١١٤ بووە، ژمارەی خێزان ٢٤٠٧ خێزان و ژمارەی ئەندامانی خێزان ١٦٥٢٩ کەسی تێدابووە. ئەم گەڕەکە دەکەوێتە سەنتەری شاری کەلار و لەسەر هەر دوو ڕێگای سەرەکی کەلار – سلێمانی و کەلار – کفریە. کەمترین ژمارەی بینا لە گەڕەکی شێروانەیە، بەڵام پێدەچێت غەدر لەم گەڕەکە کرابێت، بەوەی دابەشکاری گەڕەکەکان لەو کاتەدا هاوشێوەی گەڕەکەکانی ئێستا نیە و تێکەڵکراوە لەگەڵ گەڕەکی بنگرد لەگەڵ سیروان*، ژمارەی بینای نیشتەجێبوونی ٨٢ بینابووە، ژمارەی خێزان ٩٥ خێزان بووە، ژمارەی ئەندامانی خێزان ٢٥٧ کەس بووە.

**ساڵی ٢٠٠٩** : لە دوای ساڵی٢٠٠٣ لە تەواوی سێکتەرەکانی شاری کەلاردا، گۆڕانکاری گەورە ڕوویداوە، هەربۆیە لە ڕووی ژمارەی بینا، خێزان، ژمارەی ئەندامانی خێزان، جیاوازە لە قۆناغەکانی پێشتر، لەم ساڵەدا ژمارەی گەڕەک بووە بە ٢٧ گەڕەک و ژمارەی بینای نیشتەجێبوونی دەگاتە (٢٠٤٤٧) بینا، ژمارەی خێزان (٢٣٧٥٣) بووە، ژمارەی ئەندامانی خێزان (١١٣٨١٤) کەس بووە، بەرزترین ژمارەی بینا لە گەڕەکی ڕاپەرین بووە، کە (١٥٤٠) بینابووە، ژمارەی خێزان (٢٠٢٥) خێزان بووە، ئەندامانی خێزان (١٠١٣٠) کەس بووە. کەمترین گەڕەک

مەتارەکە بووە، کە (٢٢) بینا بووە، ژمارەی خێزان (٣٩) خێزان بووە، دانیشتوانی (٢٢٢) کەس بووە.

**ساڵی ٢٠٢٢ :** ژمارەی بینا لە ناوچەی توێژتنەوە سی هەزاری تێپەڕاندوە و بووە بە (٣٦١٨٨) یەکە و ژمارەی خێزان (٣٣٣٠٨) خێزانە، کە لە (١٦٤٨١١) کەس پێکهاتوە. بەرزترین یەکە لە گەڕەکی گۆرانە کە (١٩١٧) یەکەیە و لە (٢٢١٤) خێزان پێکهاتوە و ژمارەی ئەندامانی خێزان (١١١١٣) کەس بووە. بەڵام وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت ساڵی ٢٠٢٢، بەرزترین ژمارەی خێزان لە گەڕەکی ڕاپەرینە، کە (٢٨١٠) خێزانە، ژمارەی دانیشتوانی (١٤٠٥٦) کەسە، بەڵام بینای نیشتەجێبوونی کەمترە لە گەڕەکی گۆران کە (١٠٥٢) بینایە. کەمترین گەڕەک مەتارەکەیە (٤٨) بینا و (١٠٥) خێزان لەگەڵ (٦٣٠) کەس بووە. هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە گەرەکە خۆی تەجاوزە و کراوە بە شوێنی نیشتەجێبوون، خەڵکی ئەم گەڕەکە لەبەر ناچاری تێیدا نیشتەجێبوونە. لە ئێستاشدا خەڵکەکەی ئیزندراون و دەبێت چۆڵیبکەن. بە پێی شیکاری خشتەکە و قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان، دەبینین لەم تەوەرەدا بەردەوام ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕوو لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی بەردەوام بووە لە ڕووی زیادبوونی دانیشتوان و زیاد بوونی ژمارەی بینا، ئەگەر سەرەنجبدەین ژمارەی بینا زیاترە لە ژمارەی خێزان لە ناوچەکەدا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باری دارایی خێزانەکان لەناوچەی توێژینەوە، هەندێک خێزان زیاتر لە خانوویەکیان هەیە.

**تەوەری سێیەم / نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی بەردەوام بۆ ژینگەی ئاوەدانی:**

ئاماژەکانی پەرەپێدانی بەردەوام بۆ ژینگەی ئاوەدانی شارەکان دەبێت بە پێی پێوەرەکان لە هەندێک لایەنەوە هاوشێوەبن، ئەگەر وانەبێت بەراوردکردنی نێوان شار، ناوچە، هەرێم، وڵاتی جیاواز ناتوانرێت بەدیبهێنرێت و جیاوازیەکانیان بخرێتەڕوو، هەروەها ئاماژەکان بە پێی ئەو مەبەستە جیاوازانەی کە لێکۆڵینەوەکەی بۆ دەکەن لە بواری بەدیهێنانیدا جیاوازن، وەکو کەلتورەکان، توێژەری جوگرافی، کێشەی ناوچەکان، ژمارە و قورسایی ئەم ئاماژانە، بەشێوەیەکی گشتی پلاندان و پەرەپێدانی ئاوەدانی بەردەوام لە شارەکاندا، ڕەچاوی لێکۆڵینەوە دەکەن لە پێشکەوتنی گەشەی ئاوەدانی بە شێوەی ئاسۆیی لە شاردا(Goodwin,2003,p7)، لە گرنگترین ئاماژەکانی پەرەپێدانی ئاوەدانی بۆ نیشتەجێبوون بریتییە لە چڕی بیناکان، بەرزی بیناکان، شێوازی بیناسازی و کوالێتی بیناکان، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە سەر ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕوونبکرێتەوە.

**آ٠ئاماژەکانی چڕی بیناکان:** دەتوانرێت لە ڕێگەی پێوەرەکانی چڕی بیناکانەوە بەدواداچوون بکرێت بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لە شارەکاندا ڕوویانداوە، ئەوەش لە ڕووی ژمارەی بیناکان و

ڕووبەری ئاوەدانی، هەتاوەکو بەهای ئاماژەکە زیاتر بێت، مانای ئەوەیە کێشەبوونی هەیە، وەک بەرزی چڕی دانیشتوان لەو ڕووبەرانە. بەپێی خشتەی ژمارە (٦) چڕی بیناکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی٢٠٢٢ بەم شێوەیە.

**خشتەی (٦) چڕی بینا بە پێی گەڕەکەکانی شاری کەلار ساڵی ٢٠٢٢**

| گەڕەک | ژمارەی بینا | ڕووبەری ئاوەدانی/هێکتار | چڕی بینا بە هێکتار |
|---|---|---|---|
| پیشەسازی | ٨٨ | ٢٢٦,٥ | ٠,٣٨ |
| تابلۆ | ٩٩٥ | ٥٣,٣ | ١٨,٦٦ |
| کەلاری کۆن | ٢٤١٣ | ٨٨,٦ | ٢٧,٢٣ |
| جوتیاران | ٢٢٧٠ | ٦٢,٧ | ٣٦,٢٠ |
| شارەوانی٢ | ١٤٦٨ | ٣٩,٧ | ٣٧,٥٤ |
| شارەوانی١ | ٩٥٥ | ٤٨,٦ | ١٩,٦٥ |
| ئاوارەکان | ٩٤٠ | ١٠,٥ | ٨٩,٥٢ |
| ئەنفالەکان | ١٣٥٠ | ٢٣,٦ | ٥٧,٢٠ |
| ڕزگاری | ١٥٥٠ | ٥١,٥ | ٣٠,٠٩ |
| مامۆستایان | ١٥٩٨ | ٤٩,٢ | ٣٢,٤٧ |
| خەبات | ١٨٠٠ | ٤٤,٩ | ٤٠,٠٨ |
| ڕاپەڕین | ١٠٥٢ | ٧٨,٩ | ١٣,٣٣ |
| شۆڕش | ١٠٧٦ | ٣٨,٦ | ٢٧,٨٧ |
| فەرمانبەران | ١٢٨١ | ٦٨,٦ | ١٨,٦٧ |
| شەهیدان | ١٨٥٠ | ٣٤,٤ | ٥٣,٧٧ |
| مەتارەکە | ٤٨ | ٤٢,٤ | ١,١٣ |
| بنگرد | ١٢٠٥ | ٤٩,٢ | ٢٤,٤٩ |
| شێروانە | ٨٢٧ | ٩٧,٩ | ٨,٤٤ |
| حەمرین | ١٣٢٦ | ٩٠,١ | ١٤,٧١ |
| سیروان | ١٥٨٦ | ٤٣,٤ | ٣٦,٥٤ |
| ئەندازیاران | ٩٠٠ | ١٧,٥ | ٥١,٤٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گۆران | ١٩١٧ | ٦٨,٥ | ٢٧,٩٨ |
| ڕوناکی | ١٠٠٨ | ٥٥,٨ | ١٨,٠٦ |
| نەورۆز | ٢٨٨ | ٢٧,٨ | ١٠,٣٥ |
| ئازادی | ٧٢٩ | ٧٤,١ | ٩,٨٣ |
| سەرکەوتن | ١٢٦٨ | ٥٩,٢ | ٢١,٤١ |
| لانەستی | ٣٣٠ | ٢٣,١ | ١٤,٢٨ |
| پیشەوەران | ٣٨٥ | ٥٣,٨ | ٧,١٥ |
| بەهەشتی مامۆستایان | ١١٠٠ | ٨٣,٤ | ١٣,١٨ |
| بەردەسوور | ١٤٠٨ | ١٣٨,٢ | ١٠,١٨ |
| دریم لاند | ١٨٥ | ١٣,٢ | ١٤,٠١ |
| نەوژین ستی | ١٦٢ | ١٠,١ | ١٦,٠٣ |
| گەرمیان | ٨٣٠ | ١٤,٩ | ٥٥,٧٠ |
| کۆی گشتی | ٣٦,١٨٨ | ١٨٨١,٦ | ١٩,٢٣ |

سەرچاوە / کاری توێژەران بە پشتبەستن بە

١- کاری توێژەر، بە پشتبەستن بە بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان، هۆبەی زەوی و زار، ژووری ژمارە ٤ .

٢- دەرهاویێشتەی بەکارهێنانی پرۆگرامی arcmap10,8 بۆ بەکارهێنانی زەوی.

بە پێی خشتەکە دەتوانین ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ سێ گروپ پۆلێنبکەین، ئەوانیش:

**یەکەم/** ئەو گەڕەکانەی چڕی بینایان زۆر بەرزە لە سەرووی ٥٠ زیاترە، بریتیین لە گەڕەکەکانی ئەندازیاران، شەهیدان، گەرمیان، ئەنفالەکان و ئاوارەکان.

**دووەم/** ئەو گەڕەکانەی چڕی بینایان لە نێوان (٢٠ - ٥٠)، ئەوانیش مامۆستایان، جوتیاران، سیروان، شاروانی٢، خەبات، سەرکەوتن، بنگرد، کەلاری کۆن، شۆڕش، گۆڕان و ڕزگاری.

**سێیەم/** ئەو گەڕەکانەی چڕی بینایان (کەمترە لە ٢٠) ئەوانیش گەڕەکەکانی بەهەشتی مامۆستایان، ڕاپەرین، دریم لاند، لانەستی، حەمرین، نەوژین ستی، ڕوناکی، فەرمانبەران، تابلۆ، شارەوانی١، پیشەسازی، مەتارەکە، پیشەوەران، شێروانە، ئازادی، بەردەسوور و نەورۆز.

کەواتە، ئەو گەڕەکانەی چڕی بینا تێیدا زۆر بەرزە لەگەڵ ئاماژەکاندا گونجاونین و ئەو گەڕەکانەی چڕی بینای تیدا نزمە گونجاوترن.

**ب٠ ئاماژەکانی بەرزی بینا:** پێوەرەکانی بەرزی بیناکان نوێنەرایەتی ڕەهەندی دووەمی گەشەی ئاوەدانی لەشارەکاندا دەکات، ئەم پێوەرەش بە پێی تەمەنی بینا دەگۆڕێت، کەرەستەی بیناسازی و یاسا کارپێکراوەکانی ئەو وڵاتە دەگۆڕێت، واتا، دەگۆڕێت بە پێی کات سەردەمە جیاوازەکان (أميره رجب محمد حسن ص٩٩)، ئەمەش لە ڕێگیا شیکارکردنی خشتەی (٧) و نەخشەی (٥)، دابەشبوونی ژمارەی ڕێژەیی بەرزی بیناکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەخاتە ڕوو. بە تێروانین لە خشتەکە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، بەشێکی زۆری گەڕەکانی نیشتەجێبوون یەک نهۆمین و ڕێژەکەیان دەگاتە نزیکەی (٤٣٪)، ڕێژەی بینای دوونهۆمی دەگاتە (٤٤٪)، ئەمەش واتا ٨٧٪ ی شارەکە پێکدەهێنن، کە بەرزترین ڕێژەیە لە شارەکەدا.


**خشتەی (٧) دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی بۆ بەرزی بینا لە گەڕەکەکانی شاری کەلار ساڵی ٢٠٢٢**

| گەڕەک | یەک نهۆم | | دوونهۆم | | سێ نهۆم | | چوارنهۆم | | پێنج نهۆم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | |
| پیشەسازی | ٣ | ٧٥,٠٪ | ١ | ٢٥,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| تابلۆ | ١١ | ٨٤,٦٪ | ٢ | ١٥,٤٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| کەلاری کۆن | ٣٢ | ٥٥,٢٪ | ٢٦ | ٤٤,٨٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| جوتیاران | ٧ | ٣٨,٩٪ | ١١ | ٦١,١٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| شارەوانی 1 | ٣ | ٢٥,٠٪ | ٨ | ٦٦,٧٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ١ | ٨,٣٪ |
| شارەوانی 2 | ٥ | ٣٥,٧٪ | ٧ | ٥٠,٠٪ | ٢ | ١٤,٣٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| ئاوارەکان | ٧ | ٤١,٢٪ | ٦ | ٣٥,٣٪ | ٣ | ١٧,٦٪ | ١ | ٥,٩٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| ئەنفالەکان | ٢ | ٥٠,٠٪ | ٢ | ٥٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| ڕزگاری | ١٢ | ٤٢,٩٪ | ١٥ | ٥٣,٦٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ١ | ٣,٦٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| مامۆستایان | ٨ | ٨٠,٠٪ | ٢ | ٢٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| خەبات | ٤ | ٣٣,٣٪ | ٨ | ٦٦,٧٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| ڕاپەڕین | ٦ | ٤٠,٠٪ | ٨ | ٥٣,٣٪ | ١ | ٦,٧٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| شۆڕش | ١٧ | ٢٦,٢٪ | ٣٠ | ٤٦,٢٪ | ١٠ | ١٥,٤٪ | ٧ | ١٠,٨٪ | ١ | ١,٥٪ |
| فەرمانبەران | ١٣ | ٢٤,٥٪ | ٢٤ | ٤٥,٣٪ | ٩ | ١٧,٠٪ | ٤ | ٧,٥٪ | ٣ | ٥,٧٪ |
| شەهیدان | ١٨ | ٤٠,٠٪ | ١٣ | ٢٨,٩٪ | ١٠ | ٢٢,٢٪ | ٣ | ٦,٧٪ | ١ | ٢,٢٪ |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەتارەکە | ٣ | ٧٥,٠٪ | ١ | ٢٥,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| بنگرد | ٥ | ٢٠,٨٪ | ١٤ | ٥٨,٣٪ | ٣ | ١٢,٥٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٢ | ٨,٣٪ |
| شێروانە | ٩ | ٤٧,٤٪ | ١٠ | ٥٢,٦٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| حەمرین | ١٨ | ٨٥,٧٪ | ٣ | ١٤,٣٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| سیروان | ١٠ | ٤٧,٦٪ | ٧ | ٣٣,٣٪ | ٤ | ١٩,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| ئەندازیاران | ١ | ١٢,٥٪ | ٧ | ٨٧,٥٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| گۆران | ٩ | ٣٤,٦٪ | ١٢ | ٤٦,٢٪ | ٣ | ١١,٥٪ | ١ | ٣,٨٪ | ١ | ٣,٨٪ |
| ڕوناکی | ١٠ | ٧١,٤٪ | ٤ | ٢٨,٦٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| نەورۆز | ١ | ٣٣,٣٪ | ١ | ٣٣,٣٪ | ١ | ٣٣,٣٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| ئازادی | ١٠ | ٧٦,٩٪ | ٣ | ٢٣,١٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| سەرکەوتن | ١٤ | ٣٧,٨٪ | ٢٠ | ٥٤,١٪ | ٣ | ٨,١٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| لانەستی | ٧ | ١٠٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| پیشەوەران | ١ | ١٠٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| بەهەشتی مامۆستایان | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| بەردەسوور | ٤ | ٢٥,٠٪ | ١١ | ٦٨,٨٪ | ١ | ٦,٣٪ | ٠ | ٠,٠٪ | | ٠.٠٪ |
| دریم لاند | ٠ | ٠,٠٪ | ٧ | ٦٣,٦٪ | ٢ | ١٨,٢٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٢ | ١٨,٢٪ |
| نەوژین ستی | ١ | ١٠٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ٠ | ٠,٠٪ |
| گەرمیان | ٤ | ٦٦,٧٪ | ١ | ١٦,٧٪ | ٠ | ٠,٠٪ | ١ | ١٦,٧ | ٠ | ٠,٠٪ |
| کۆی گشتی | ٢٥٥ | | ٢٦٤ | | ٥٢ | | ١٨ | | ١١ | |

کاری توێژەران بە پشتبەستن بە ئەنجامی ڕاپرسی توێژینەوەکە پرسیاری ژمارە نۆیەم.

**نەخشەی (٥) بەرزی بینا لە شاری کەلار ساڵی ٢٠٢٢**




سەرچاوە/ کاری توێژەران بە پشتبەستن بە خشتەی (٧).

بینای سێ نهۆمی ڕێژەکەی دەگاتە نزیکەی (٩٪) لە کۆی ڕووبەری ئاوەدانی، پلەی سێیەم وەردەگرێت، هەرچی بینای چوار نهۆمییە ڕێژەکەی دەگاتە (٣٪) پلەی چوارەم وەردەگرێت، ئەو بینایانەی لە پێنج نهۆم پێکدێت کەمترین ڕێژەی لە شارەکەدا وەرگرتوە، کە دەگاتە نزیکەی (٢٪). ئەم ناڕێکییە لە دابەشبوونی گەڕەکەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک هۆکار: لەوانە لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیریەوە خەڵکی هێشتا بەوە ڕانەهاتوە گرنگی بە بینا لە سەر شێوازی ستونی بدات، تاوەکو ئێستاش چەند تەکنۆلۆژیا پێشکەوتوە و ئاسانکاریکراوە لە ڕووی پێداویستیە خزمەتگوزاریەکان بۆ ئەو بینایانەی کە بەشێوەی ستونین، لەگەڵ ئەوەشدا شاری کەلار بە بڕیارێکی سیاسی و بێ پلان دروستبووە، ئەو خەڵکانەی هاتوون بۆ ئەم شارە هەمیشە لە بیری گەڕانەوە بوونە بۆ زێدی خۆیان، پاشان ناوچەکە لە ڕووی شێوازی ئاووهەواوە گونجاونیە، بۆئەوەی بەشێوەی ستونی بینای زۆر بەرزی لێبکرێت، ناوچەکە بە ئاراستەی باکور و باکوری ڕۆژئاوا خاوەن دەشتێکی بەرفراوانە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا بەهۆی بوونی پلان و دابەشکردنی زەوی بەشێوەیەکی ڕێک و بەپلان و دابینکردنی سیستەمی ڕێگاوبان شارەکە لە زۆربەی گەڕەکە نوێیەکان، بە تایبەتی ئەوانەی دەکەونە سەر شەقامە سەرەکی و بازرگانیەکان بینای هەمەچەشنی تێدایە.

هەروەها بە هۆی فراوانبوونی شارەکە و زیادبوونی دانیشتوان ئەمە وایکرد بە هۆی ئابوری ئەو گەڕەکە کۆنانەی کەوتونەتە سەنتەری شار بگۆڕدرێن بۆ بینای بەرز، تاوەکو زۆرترین سود بەدەستبهێنن لە ڕێگەی دروستکردنی بیناکان بۆ چەند باڵەخانەیەک، بەشێوەی جۆراوجۆر سودببینن، لەوانە بۆ نیشتەجێبوون، کۆگا، دووکان...هتد، وەک لە نەخشەکەشدا دیارە. بەرزی بیناکان بە پێی گەڕەکەکانی شاری کەلار ئەو ڕێژە زۆرەی بینا یەک نهۆمی و دوو نهۆمییەکان زیاتر لە گەڕەکەکانی (کەلاری کۆن، جوتیاران، تابلۆ، پیشەسازی، ڕاپەرین، حەمرین، گۆران، نەوژین ستی، ڕوناکی و ئەنفالەکان)، ئەو گەڕەکانەشی بینای سێ نهۆمی تێدا زۆرە بریتیین لە گەڕەکەکانی (بنگرد، ئاوارەکان، فەرمانبەران، سیروان، شێروانە...هتد)، چوار نهۆمی لەگەڵ پێنج نهۆمی زیاتر لە گەرەکەکانی سەنتەری شارەکە، واتا گەڕەکە کۆنەکان لەگەڵ گەڕەکە نوێیەکان زۆرە، ئەمەش وەک گەرەکەکانی (بنگرد، فەڕمانبەران، شۆڕش، گۆڕان و شارەوانی١) زۆرە.

**ج· ئاماژەی کوالێتی هەوا گۆڕکێ لە ناوچە ئاوەدانی (مؤشر جودة التهوية العمرانية)**

کوالێتی هەوا گۆرکێی ئاوەدانی، یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی ژینگەی ئاوەدانی، دەتوانرێت لە زۆرێک لە پێوەرەکانی ئاوەدانی دەربکرێت، لەوانە: پلان، ئاڕاستە و شێوەی گەشەی ئاوەدانی، بۆ نموونە: ئەو ناوچە شارنشینانەی کە پلانی شێوەی تۆڕی بەکاردەهێنن، لە ڕووی کوالێتی هەواگۆڕکێ زۆر گونجاوترە لەو ناوچە شارنشینانەی کە پلانی کلاسیکی و درێژکۆلەیی بەکاردەهێنن. هەروەها دەتوانرێت بە شیکردنەوەی گونجاوی بەرزی بیناکان بۆ پانی ئەو شەقامانەی کە لەسەری هەڵکەوتوون، دەربکرێت، چونکە تا زیاتر ژمارەی ئەو بینایانەی بەرزیان لەگەڵ پانی ئەو شەقامانەی لەسەری هەڵکەوتوون لە شارەکە زیاتر بێت، ئەوا واتای وایە، ئەو شوێنانە چێژ لە ژینگەیەکی تەندروست وەردەگرن، لە ڕووی تیشکی خۆر و هەوا، کە دەگاتە هەموو بەشەکان (لبني ستار أبراهيم البياتي،ص١٨٧)، بۆ دیاریکردنی ئاستی کوالێتی هەواگۆڕکێ لە ناوشارەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و بە تایبەتی ناوچەی لێکۆڵینەوە کارێکی قورسە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی پێویستی بە ماستەرپلان هەیە، ئەمەش تا ئێستا بەشێوەیەکی تەواو بوونی نیە، لە شاری کەلاردا پلان ڕێژی شار بوونی نیە، گەڕەکەکان تێکەڵن لە ڕووی شێوە و ئاراستەوە، ناتوانین بریاربدەین لە ئاستی کوالێتی هەواگۆڕکێ، هەروەها داتای زۆر لەبەردەستدا نیە، دەبێت شارەوانی یان خاوەن کۆمپانیاکانی پرۆژەی نیشتەجێبوون لە کاتی دروستکردنی هەر پرۆژەیەک، ڕەچاوی دابینکردنی وێستگە بکەن لەناو گەڕەکەکان بۆ دیاریکردنی ئاراستەی با، دیاریکردنی سیستەمی ڕێگاوبان و گونجاوی لەگەڵ بەرزی بیناکان. لە ئێستادا شاری کەلار لە ڕووی سیستەمی ڕێگاوبان بە گوێرەی فۆرمی ڕاپرسیەکە خراوەتەڕوو، جۆری ئەو شەقامەی

نیشتەجێبوونی لەسەرە بە پێی گەڕەکەکان لە ناوچەی توێژینەوە (٥٧،٨٪) قیرتاوە، (٤١،٣٪) گڵە، (٥٪) دەمێنێتەوە لە جۆری ترە، تاوەکو ئێستا ڕێژەیەکی زۆر بەرزی گەڕەکەکان گڵە، ئەمەش گونجاو نیە بە پێی پێوەرەکانی ئاوەدانی، بە پێی خشتەی (٨)، کە پانی ئەو شەقامەی نیشتەجێبوونی لەسەرە لە ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیەیە

**خشتەی (٨) پانی ئەو شەقامەی نیشتەجێبوونی لەسەرە بە پێی گەڕەکەکانی شاری کەلار ساڵی ٢٠٢٢**

| پانی شەقام بە مەتر | ژمارە | ڕێژەکەی ٪ |
|---|---|---|
| ٦م | ١٧١ | ٢٨,٨ |
| ٨م | ١٤٥ | ٢٤,٢ |
| ١٠م | ١٣٨ | ٢٣,٠ |
| ١٠زیاتر | ١٤٦ | ٢٤,٣ |

کاری توێژەران بە پشتبەستن بە ئەنجامی ڕاپرسی توێژینەوەکە، پرسیاری ژمارە دوازدەیەم.

ئەو شەقامەی لە ناوچەی توێژینەوەکە بەرزترین ڕێژەی وەرگرتوە، بریتییە لە شەقامی ٦ مەتری، ڕێژەکەی (٢٨،٨٪) لە کۆی سیستەمی ڕێگاوبان لە شارەکەدا، ئەو شەقامەی ڕێژەکەی پلەی دووەم وەردەگرێت شەقامی زیاتر لە ١٠مەترە، ڕێژەکەی ( ٢٤,٣٪)ە، شەقامی ٨ مەتری ڕێژەکەی (٢٤,٢٪)، و شەقامی ١٠مەتری ڕێژەکەی (٢٣,٠٪)یە، لە ناوچەی توێژینەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە، ناوچەی توێژینەوەکە پێویستی بە پلان و پەرەپێدانی زیاترە لە ڕووی تۆڕی ڕێگاوبانەوە بۆئەوەی بتوانرێت پانی شەقامەکان هاوکار بێت لەگەڵ بەرزی بیناکان بۆ سیستەمی هەواگۆڕکێ لە شارەکەدا. بە تایبەت لەو گەڕەکانەی هێشتا نیشتەجێبوونەکانیان لە سەر جۆری ئەو شەقامەن، کە پانیەکەی گونجاو نیە لەگەڵ بەرزی بیناکان، لەڕووی شێوەی پەیڕەوکردنی شێوەی گەڕەکەکانی شار ئەو شێوانە پەیڕەوبکرێت، کە یارمەتیدەرن لە دروستبوونی هەواگۆڕکێ و هاتنی تیشکی خۆر بۆ گەڕەکەکان.

**د٠ ئاماژەکانی کەرەستەی بیناسازی (شێوازی بیناسازی)**

لێکۆڵینەوە لە کەرەستەی بیناسازی، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بیناکە بەکاردێت، تاوەکو بزانرێت گونجاوە یا خود گونجاو نیە، بنەماکە دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت، وەک یەکێک لەو پایانەی کە پلان لە سەری پەیوەستە بۆ باشترکردنی ژینگەی نیشتەجێبوونی شارنشینی بۆ شارەکە (أمل محمود محمد ٢٠١٢،ص١٢٤)، لە خشتەی (٩) بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کەرەستەی بیناسازی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بەم شێوەیەیە.

**خشتەی (٩) ژمارە و ڕێژەی جۆری کەرەستەی بیناسازی لە شاری کەلار ساڵی ٢٠٢٢**

| جۆر | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| **بلۆک** | ٥٦٦ | ٩٤,٣ |
| **خشت** | ٣١ | ٥,٢ |
| **قوڕ** | ٣ | ٠,٥ |
| **کۆی گشتی** | ٦٠٠ | ١٠٠ |

کاری تویژەران پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی پرسیاری ژمارە یازدەیەم.

لە خشتەکەدا ڕوونە، بەرزترین ڕێژەی بیناسازی بۆ دیواری بینا لە ناوچەی توێژینەوەکە بلۆکە (٩٤,٣٪)ە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە، لە کاتێکدا بلۆک گونجاو نیە بۆ بیناسازی، ئەگەر بەراوردیبکەین لەگەڵ کەرەستەکانی تر وەک خشت (تابوق)، کە بەکاردەهێنرێت، ڕێژەکەی کەمە و دەگاتە (٥,٢٪) لە کۆی بیناسازی. بەکارهێنانی خشت تەندروستترە لە ڕووی کوالیتی و سودەوە، پێویست دەکات لە سەر لایەنی پەیوەندیدار گرنگی بە خشت بدات بۆ ژینگە ئاوەدانیەکان لە ناوچەکەدا. خۆشبەختانە لەم ماوانەی کۆتاییدا زۆربەی ئەو پرۆژە ئەهلیانەی دروستدەکرێت خشتە، بەکارهێنانی قوڕ ڕێژەیەکی زۆر کەمە لە ناوچەکەدا ڕێژەکەی (٠,٥٪)یە، ئەمەش پێویست ناکات لەناوچەکەدا بوونی هەبێت، چونکە پەرەپێدانی بەردەوام و ژینگەی ئاوەدانی  پێویستی بەوەیە باشترین کەرەستەی بیناسازی هەبێت، تاوەکو بتوانرێت لە ڕووی ژینگەییەوە گونجاوبێت، هەروەها پێکهاتەی سەقفی بینا لە ناوچەی نیشتەجێبوون بە کۆنکرێت ڕێژەکەی (٩٤,٣٪ )یە، دار ڕێژەکەی (٥٪) دەبێت و پێکهاتەکانی تر ڕێژەکەی (٠,٧٪)ە. ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی پێکهاتەی کەرەستەی بیناسازی گونجاوە، بەڵام بۆئەوەی ناوچەی نیشتەجێبوونەکان زیاتر گونجاوبێت پێویست دەکات، ئەو کەرەستانە بەکاربهێنرێت لە ڕووی کوالێتییەوە باشترە و پەیڕەوکردنی قرمیت بۆ سەقفی بیناکان بۆ پارێزگاریکردن لە گەرمی و بەکارهێنانی خشت لە دیواری بیناکان بۆ پارێزگاری لە سەرما و گەرما، هەروەها سودوەرگرتن لێی بۆ ئاسودەیی مرۆڤ.

**ئەنجام:**

لە پاش کۆتایی هێنان بە تەواوی هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەکە،  دەتوانین چەند ئەنجامێکی گرنگ بخەینەڕوو، ئەو ئەنجامانەش بریتین لە:

١- ڕووبەری ئاوەدانی لە شاری کەلاردا لە ماوەی نێوان هەر چوار قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکەدا زیادیکردوە، واتا لە ماوەی نێوان پێنج دەیە نزیکەی ٧٨١،٦ هێکتار زیادیکردوە، تێکڕای زیادبوونی ساڵانەی ٤٨،٨٥ هێکتار بووە.

٢- ناوچەی لێکۆڵینەوە چوار شێوەی ئاوەدانی لە خۆگرتوە، بریتییە لە شێوەی پەرشووبڵاو، شێوەی درێژکۆڵە، شێوەی چڕ کەڵەکەبوو و شێوەی تۆڕی.

٣- لە ڕووی ژمارەی گەڕەک بە پێی ماوەی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان لە قۆناغی یەکەمدا چوار گەڕەک بووە و لە قۆناغی چوارەمدا بووە بە سی و سێ ٣٣ گەڕەک، ئەمەش واتا ٢٩ گەڕەکەکان زیادیانکردوە.

٤- ژمارەی بینا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە بۆ ساڵی ٢٠٢٢، (٣٦١٨٨) بینای نیشتەجێبوون هەبووە، لەگەڵ ژمارەی خێزان لە ناوچەکەدا (٣٣٣٠٨) خێزانە بووە و ژمارەی ئەندامانی خێزانیش (١٦٤٨١١) کەس بووە.

٥- چڕی بینا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە پۆلێنکراوە بۆ پێنج بەش (گروپ) کەمترین ڕێژەی چڕی لە نێوان (٠،٣٨ – ١٠،٣٥٪) بووە، بەرزترینیش لە نێوان (٥١،٤٢ – ٨٩،٥٢٪)یە بە پێی گەڕەکەکانی شارەکە.

٦- بەرزترین ڕێژەی بەرزی بینا لە ناوچەکەدا بینای یەک نهۆمی و دوونهۆمییە، کە ڕێژەکەی دەگاتە نزیکەی (٨٧٪)، بەرزی بینای سێ نهۆمی ڕێژەکەی (٩٪)یە، هەرچی بینای چوار نهۆمییە ڕێژەکەی (٣٪)یە، ئەو بینایانەی لە پێنج نهۆم بۆ سەرەوە پێکدێت، ڕێژەکەی دەگاتە نزیکەی (٢٪).

٧- بە پێی فۆڕمی ڕاپرسی، کە لە ناوچەی توێژینەوەکە دابەشکراوە، ئەو شەقامانەی نیشتەجێبوونی لە سەرە، بە پێی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە (٥٧،٨٪) قیرتاوە و (٤١،٣٪) گڵە، (٠،٥٪) دەمێنێتەوە لە جۆری ترە.

**ڕاسپاردە:**

١- سود وەرگرتن لە بنەما و پێوەر و نیشاندەرە ئاوەدانیەکان بۆ ناوچەی توێژینەوە و پەیڕەوکردنی.

٢- هەوڵدان بۆ توێژینەوە ماوە ماوە بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ئاگاداربوون لەو گۆڕانکاریانەی لە ژینگەی ئاوەدانی ناوچەکە ڕوودەدات.

٣- پەیڕەوکردنی ئاراستەی باکور و باکوری ڕۆژئاوا بۆ فراوانبوونی ئاوەدانی لە ناوچەکە، ئەمەش بۆ پاراستنی ئاراستەی ڕۆژهەڵاتی ناوچەکە، ڕووباری سیروان پێیدا تێدەپەڕێت، هەوڵبدرێت سودی بۆ گەشت و گوزار و لایەنی خۆشگوزەرانی بۆ شاری کەلار لێ وەربگیرێت.

٤- پێویستە لایەنی دەسەڵاتدار شێوەی تۆڕی و بازنەیی لە شارەکەدا جێبەجێبکات، چونکە یارمەتیدەرە بۆ سیستەمی کوالێتی هەواگۆڕکێ، هەروەها بۆ سودوەرگرتن لە سیستەمی دابەشکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی شار.

**الخلاصة**

الدراسة محاولة لغرض خصائص العمرانى فى مدينة كلار، التى في توسع سنوي سريع، من حيث أزديادات مساحات العمراني و عدد السكان، حسب المراحل المورفولوجية للمدينة، تحاول هذة الدراسة من خلال المنهج التحليلي الكمي، تحليل البيانات و المعلومات بالأستفادة من نظام المعلومات الجغرافية (GIS)، الهدف من الدراسة عرض نمو العمراني في منطقة الدراسة من قبل ١٩٧٠ وصولة ال عام ٢٠٢٢، مع التطور علي مستوي الأحياء السكنية في مدينة كلار، وتحديد خطة وشكل و أتجاهات النمو العمراني في منطقة، كذلك تطبيق المؤشرات العمرانية علي مدينة كلار، بعد تطبيق جميع خطوات الدراسة أتضح أن مساحة العمرانية في مدينة كلار في المرحلة أربعة أزدادت ٧٨١,٦هيكتار، وزدادت أحياءها من أربعة الي ٣٣ حي، و وصلت عدد الابنية السكنية الي ٣٦١٨٨، بناء سكني، وعدد العوائل وصلت الي ٣٣٣٠٨ عائلة، وكانت عدد أفراد الأسرة ١٦٤٨١١ فردا في عام ٢٠٢٢.

**Characteristics Of Prosperity And Its Reflection On Prosperity Indicators In Kalar**

The Research Is An Attempt To Present The Characteristics Of Prosperity In Kalar, Which Is Expanding Rapidly Annually, In Terms Of Increasing The Area Of Prosperity, Increasing The Population, .According To The Morphological Stages Of The City

This Study Attempts To Analyze The Data And Information Through The Quantitative Analysis Method Using The Geographical Information .System (GIS)

The Main Objective Of This Study Is To Present The Development Of Prosperity In The Study Area From The Village Phase Until 2022, With The Progress At The Neighborhood Level Of Kalar And Determine The Plan, Shape And Direction Of Prosperity In The Area After The Implementation Of All The Steps Of The Study, The Area Of Prosperity In Kalar During The Four Phases, 781.6 Hectares Increased, From Four Neighborhoods To 33 Neighborhoods, The Number Of Buildings Was

36188 Residential Buildings, The Number Of Families Was 33308 .Families

Keywords: Prosperity, Prosperity Area, Prosperity Growth, Indicator

**پەراوێزەکان:**

1. GOODWIN,2003,p32

**٢.** ريدة ديب، سليمان مهنا ٢٠٠٩، ص ٤٩٨ – ٤٩٩

**٣.** أميرة رجب محمد حسن ٢٠٢٠، ص ٧٣

٤. گۆڕان شێخ مستەفا ،٢٠١٠، ل ١٢٠

٥. مقداد حسن عبدالقدر ٢٠١٤، ل ٣٦

٦. خلف حسين على الدليمي، ٢٠١٨، ص ٢١

٧. عايش حسيبة،٢٠٢٠، ص ٢٤٩

٨. كريم حسن علوان ٢٠١٧، ص١٩٨٩

٩. لبني ستار أبراهيم البياتي ٢٠٢٣، ص ١٦٢ – ١٦٣

١٠. جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني و حصر السكان للمحافظة السليمانية، لسنة ١٩٧٧ ص٣٦١.

١١. جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات السكانية،نتائج ترقيم المباني وحصر السكان للمحافظة السليمانية، لسنة ١٩٨٧ ص ٤.

١٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێوەبەراتەیی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراو،٢٠٢١.

١٣. سەرچاوە / کاری توێژەر، بە پشتبەستن بە بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان، هۆبەی زەوی و زار، ژووری ژمارە٤.

2003, p7 14. Goodwin,

١٥. أميره رجب محمد حسن ص٩٩

١٦. لبني ستار أبراهيم البياتي،ص١٨٧

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

١- بنار حسن محمد عبدالرحمان (٢٠١٧) *کاریگەری ڕێگاوبان و جوڵەی گواستنەوەی ناوخۆیی(ئۆتۆمبێل) لەبنیادنانی پیشەیی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەلار*،نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، بڵاونەکراو.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان(٢٠٢١) *سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەرێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراو.*

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان(٢٠٢٢) *سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی گەرمیان، هۆبەی زەوی و زار،* ژووری ژمارە٤.

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان(٢٠٢٢) *وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەرێوەبەرایەتی گشتیی سەرۆکایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان، شارەوانی کەلار،* زانیاری(GIs) نەخشەی بنەڕەتی شاری کەلار بڵاونەکراوە.

٥- گۆران شێخ مستەفا (٢٠١٠) *کاریگەرییە ئابورییەکانی جینۆساید لە گەرمیان*، چاپی یەکەم، سلێمانی ،چاپ و پەخشی هێڵ.

٦- مقداد حسن عبدالقدر(٢٠١٤) *شاری کەلار لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار*، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، بڵاوکراوە، بەشی جوگرافیا، ل٣٦.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١- أميرة رجب محمد حسن (٢٠٢٠) *التنمية الحضرية المستدامة لمدينة منيا القمح*، دراسة جغرافية، أطروحة دكتوراه، جامعة المنصورة.

٢- أمل محمود محمد(٢٠١٢) *التنمية الحضرية المستدامة في مدينة طنطا*، دراسة جغرافية، أطروحة دكتوراه، كلية التربية، جامعة عين الشمس.

٣- ريدة ديب، سليمان مهنا(٢٠٠٩) التخطيط من أجل تنمية المستدامة، *مجلة جامعة دمشق للعلوم الهندسية*،٢٥(١)، ٤٩٨-٤٩٩.

٤- جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء(١٩٧٧) *هيئة التعداد العام والدراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان للمحافظة السليمانية*، ص٣٦١.

٥- جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء(١٩٨٧) *هيئة التعداد العام والدراسات السكانية،نتائج ترقيم المباني وحصر السكان للمحافظة السليمانية*، ص٤.

٦- خلف حسين على الدليمي، ثائر شاكر محمود الهيتي(٢٠١٨) *أستراتيجيات الإدارة الحضرية*، طبعة الأولى، عمان، دار صفاء للنشر والتوزيع.

٧- عايش حسيبة(٢٠٢٠) *التخطيط الحضري و دوره في تحقيق أهداف التنمية الحضرية*، مجلة الباحث في العلوم الأنسانية.ص٢٤٩.

٨- كريم حسن علوان، وحدة شكر الحنكاوي(٢٠١٧) *دور البنية التحتية الحضرية في التنمية المستدامة للمدن، مدينة المقدادية حالة دراسية*، مجلة جامعة بابل، العلوم الهندسة، ٢٥(٦)،ص١٩٨٩.

٩- لبني ستار أبراهيم البياتي(٢٠٢٣) *اتجاهات التوسع العمراني لمدينتي مندلي وقزانية*، أطروحة دكتوراه، الجامعة المستنصرية، كلية التربية، قسم الجغرافية،ص١٦٢-١٦٣.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

1- Neva, R, Goodwin(2003) *Five Kinds of Capital; Useful Concepts For Sustainable Development*, 1st ed, Medford, Tuftys, University.

## خصائص العمرانية وأنعكاسه في مؤشرات العمرانية في مدينة كلار

**بنارحسن محمد**
**كلية التربية/جامعة كرميان/قسم الجغرافي**

**كامران طاهر سعيد**
**كلية التربية/جامعة كوية/ قسم الجغرافي**

الخلاصة

الدراسة محاولة لغرض خصائص العمرانى فى مدينة كلار، التى في توسع سنوي سريع، من حيث أزديادات مساحات العمراني و عدد السكان، حسب المراحل المورفولوجية للمدينة، تحاول هذة الدراسة من خلال المنهج التحليلي الكمي، تحليل البيانات و المعلومات بالأستفادة من نظام المعلومات الجغرافية (GIS)، الهدف من الدراسة عرض نمو العمراني في منطقة الدراسة من قبل ١٩٧٠ وصولة ال عام ٢٠٢٢، مع التطور علي مستوي الأحياء السكنية في مدينة كلار، وتحديد خطة وشكل و أتجاهات النمو العمراني في منطقة، كذلك تطبيق المؤشرات العمرانية علي مدينة كلار، بعد تطبيق جميع خطوات الدراسة أتضح أن مساحة العمرانية في مدينة كلار في المرحلة أربعة أزدادت ٧٨١,٦هيكتار، وزدادت أحياءها من أربعة الي ٣٣ حي، و وصلت عدد الابنية السكنية الي ٣٦١٨٨، بناء سكني، وعدد العوائل وصلت الي ٣٣٣٠٨ عائلة، وكانت عدد أفراد الأسرة ١٦٤٨١١ فردا في عام ٢٠٢٢.

**الكلمات الرئيسية: العمران، المساحة العمرانية، النمو العمراني، المؤشرات.**